# کچانی زانکۆ

## و داڕوخانی کۆمەڵگای کوردی



# کچانی زانکۆ

## و داڕوخانی کۆمەڵگای کوردی

نووسینی:

**کارۆ کاوە مەحمود**

**٢٠١٨**

- ناوی کتێب: کچانی زانکۆو داڕوخانی کۆمەڵگای کوردی
- نووسینی:کارۆ کاوە مەحمود
- تایپ: نووسەر
- چاپ: چاپخانەی کارۆ
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- ساڵی چاپ: ٢٠١٨
- نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (     ) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

وەکو فێرخوازێکی زانکۆ و تاکێکی کۆمەڵگای کوردی دەمەوێت لە ڕێگەی ئەم پەرتووکەی بەردەستت دەست بخەمە سەر زۆرێک لەو ئازار و ژانانەی کە کۆمەڵگای کوردی داتەپاندووە، ئازارگەلێک کە کە بۆتە هۆی داڕزانی خێزانی کورد.

دەمەوێت بە کورتی و پوختی و کاتێکی کەم خەرمانی هزر و بیرۆکەکانم بەتۆی خوێنەر بگەیەنم.

لێرەدا بابەت و نووسینەکانم نە وەک ڕۆمانێک پێشکەشت ئەکەم وە نەوەک بابەتێکی فەلسەفی قوڵ، بەڵکو لێرەدا وەکو دانیشتنێکی هاوڕێیانە بابەتەکانم بۆتۆی هاوڕێ دەخەمەڕوو.

بابەتەکانم بابەتی ڕەخنەین کە ڕەخنەکانم ئاراستەی کۆمەڵگا و کچانی ئەکەم، ڕەنگە بپرسیت بۆچی تەنها ڕەخنە لە کچان ئەگریت؟ ئەی بۆ چی ڕەخنە لە کوڕان ناگریت؟ خۆ ئەوان فریشتەنین،

لە وەڵامدا ئەڵێم کە هەمیشە ڕەخنەی دروست و بوونیادنەر لە کەسانی بەرز و سەرکوتوو ئەگیرێت، ئاراستەی ڕەخنەی دروست هەمیشە ڕووی لە کەسانێکە کە خاوەن توانای زۆرن بۆ گۆڕانکاری پێشخستنی خۆیان و دەوروبەریان.

منیش لەسەر هەمان بنەما ڕەخنە ئەگرم چونکە لە ئێستەدا زۆربەی کچانی کورد هەموو توانایان بۆ کاری لاوەکی و بێسوود بەهەدەر ئەدەن.

من گەورەیی ئافرت وایلێکردم عەشقی دونیـایی کتێب و خوێندنەوەبم،

عەشـقی ئــافرەت وایلێکــردم بتــوانم بەســەر ڕۆژگــارە سەختەکانی ژیانمدا زاڵبم،

عەشـقی ئــافرەت وایلێکــردم بتــوانم ئەم پەرتــووکەی بەردەستی تۆ بنووسم،

ئەو عەشقی ئافرەتەش دایکمە.

کارۆ
٢٠١٨

**سوپاس بۆ دایک و باوکم**
**سوپاس بۆ خوشکەکەم**
**سوپاس بۆ مرۆڤە جوانەکانی ژیانم**

## کچـــان

تێگەیشتن لە کچـان یەکـێکە لـەگـرێ گەورەکـانی ژیـانی مرۆڤـــایەتی کە تائێـــستاش هـــیچ زانـــا و بیرمەنـــد و فەیلەسوفێک بەتەواوی لەکچـان تێنەگەیـشتوون بەجۆرێـک کە سـیگمۆند فرۆیـدی گەورە زانـایی بـواری دەروونناسـی لەسـەر کچـان و ژنـان دەڵێـت پـاش ٣٠ سـاڵ تـوێژینەوە و لێکـۆڵینەوەم لەسـەر دەروونـی کچـان ئێـستاش نـازانم کە کچان چیان ئەوێت.

کچـان هەمـوو ژیانیـان عەشقە بەڵام بەدەگمەن عاشـق دەبـن بەڵام گـشتیان لەژیانیانـدا بەپرۆسـەی سەرسـامبوون بەڕەگەزی بەرامبەردا تێپەڕدەبن.

کچان بە وەهمـی سەرسـامبوونی ڕەگەزی بەرامـبەرەوە هاوسەرگیری دەکەن یان جاری واهەیە دەگـاتە ئەو ڕادەیەی کە بەبێ بوونی هیچ هەستێکی ڕۆحی هاوسەرگیری دەکەن،

نموونەی ئەم ژنانە زۆرن کەپاش تێپەڕاندنی تەمەنێکـی زۆر و بوونی منداڵ و مێـرد هێـشتا چـاوەڕێن ڕۆژێـک بگەنە پلەی عەشق و بـگەنە ئەو کەسـەی کەتینـوێتی عەشـقەکەیان بشکێنێت.

زۆرن ئەو ژنـــانەی کەهەمـــوو ڕۆژ بەئـــاواتی گەیـــشتنی عەشقەوە لەباوەشی مێردەکانیـان ڕۆژدەکەنەوە و بەئـاوێکی

گەرم پاشماوەی ماچ و لیک و سێکسی شەوی ڕابردووی مێردەکانیان لەجەستە تینوەکەیان بۆ سێکس و خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە لێدەکەنەوە.

بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی کچان و ژنانیش هەبوونی ماسکە، بەجۆرێک کە ناتوانن ڕۆژێک بەبێ نواندن و ماسکەکەیان بەسەرببەن.

نەپارە، نەهێز، نەمێرد، نەئەو کەسەی کە سەرسامی دەبن ناتوانن ئەو ماسکەی کچان لابدەن، تاکە هێز توانای لابردنی ئەو ماسکەی هەبێت و وا لەکچان بکات بێ نواندن ژیان بکەن تەنها هێزی عەشقە.

بۆیە کچان و ژنان هەمیشە بەئاواتی ئەوەن ڕۆژێک بگەن بە عەشقەکەیان و بتوانن ماسکەکانیان لابدەن، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان دەگەنە ئەو پلەی عەشق و دەتوانن ماسکەکانیان لابدەن، چونکە لەعەشقدا تەنها و تەنها ڕۆح گرنگە و پێوەری سەرەکی عەشقە، بۆیە کەسانی عاشق هەرگیز گرنگی بە ماسک و شێوە و جەستە و پێوەرە ڕووکەشیەکانی خۆیان و مەعشوقەکانیان نادەن، ئەوەی لایان بایەخداربێت تەنها پەیوەندی ڕۆحی نێوانیانە.

بەشێکی تری دانەبڕاوی ژیانی کچان سێکسە، کچان بوونەوەرێکی ئاگرینی سێکسین.

ڕۆژانە کە دەچمە زانکۆ هەست بەگەرم و گوڕی ئاگری ناخی کچانی زانکۆ دەکەم هەست بە کوڵان و تامەزرۆییان بۆ سێکس دەکەم، هەست بەئاگری ژێر جلەکانیان دەکەم.

بەڵام کچان بەجۆرێک ڕفتار دەکەن کەهیچ مەیل و حەزێکیان بۆ ئەو لایەنە نیە و تەنانەت بیریشی

لێناکەنەوە، خۆشیان وەکو جەستەیەکی ئاسای بێ هیچ مەیلێک بۆ حەزێکی دنیایی دێننە پێش چاوت.

زۆرجاریش بەساردییەکەوە بەلاتدا تێدەپەڕن وەک ئەوەی تۆی نەبینیبێت و حسابێکت بۆنەکات بەڵام کوڕانی زیرەک هەست بەئاگر و پشکۆی ژێر ئەو نیگا ساردانەی کچانەوە دەکەن، هەست بە هاوارو داواکاری هێزێکی ڕزگارکەری سێکسی لەلایەن کچانەوە بۆ کپکردنەوەی ئاگرەکەیان دەکەن.

## کاریگەری سیستەم لەسەر کچانی کورد

کچانی کورد لە ئێستادا ڕۆڵی بوکەڵەیەکی تاقیکردنەوەی جلوبەرگ و ئێکسسوارات دەبینن.

هەرچەنێک ڕۆژانە لەگۆشەی زانکۆکەی خۆمەوە فراوانتر ئەڕوانمە گشت گۆشەکانی کۆمەڵگای کوردی لەڕوانگەی کچانەوە، ئەتوانم بەم جۆرە پێناسەی کچانی ئەمڕۆی کوردی بکەم.

کچی کورد لەئێستادا بەشێوەیەک مێشکی بەرنامەڕێژکراوە کە ژیانی خۆی تەنها لەمۆدێلی جلوبەرگ و جوانکاریدا دەبینێتەوە.

بەجۆرێک کە واتا و ئامانجی سەرەکی ژیانی کچی کورد بریتیە لە سالۆن و نەشتەرگەری جوانکاری و سێلفی و خۆگۆڕینە لەسەر ئاخر مۆدێلی ڕۆژ!.

دەزانن ئەمە چ کارەساتێکە، ئەزانن ئەمانە دەبنە دایکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵگایە، ئەزان ئەمانە مێشکیان دوو کەلیمە زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری تێدانیە جگە لەخۆجوانکردن و جلکڕین؟!.

کارەساتەکەش لەو خاڵەدا زیاتر زەق دەبێتەوە کە لەئێستادا دەستکەوتی زانکۆکانی کوردستان لەباتی پێشبڕکێی زانستی و توێژینەوەی زانستی بۆتە دیاریکردنی شاجوانی زانکۆکان و شانازیشی پێوەدەکەن!.

دیـــاردەیەکی دیـــکەش کە پەرەی ســـەندووە ئەویـــش کۆمەڵێک کچ هەستاون کە گوایە مۆدێلن و کـاری مۆدێلینـگ دەکەن، وە ئەم کـــارەش وەکـــو دەســـتکەوتێکی زۆرگرنگـــی مەعریفی سەیردەکەن.

باشە دەپرسم بۆچی لەجیـاتی شـانازیکردن بە شـتێکی ڕووکەشـــی کـــاتی هەوڵنـــادەن شـــانازی بەکـــارێکی بەسـوودەوەبکەن کە هەم خۆتـــان و هەم کچـــان و کـــوڕانی دیکەش سوودتان لێببینن؟.

باشـــە بـــۆ لەجیـــاتی شـــانازیکردن بەجلـــوبەرگ و مۆدێلینگەوە شانازی بە کتێبەکانتانەوە ناکەن؟

ئای چەنێک بەزەیم بەم جۆرە کچانەدا دێتەوە،

ئـــای چەنێـک شـەرمەزارئەبم کە گفتوگـۆیەکی فکریـان لەگەڵدا دەکەم و مێشکیان تەقەی دێت لە نەزانیندا.

هەر لەســـەر ئەم بـــابەتەش جارێـــک لەگەڵ کـــچە خوێندکارێکی جوانکیلەی زانکۆدا کەوتـمە گفتوگۆ لەگەڵیـدا سەبارەت بەم جۆرە بیرکردنەوەی کچانی کورد بۆ ژیان،

گفتوگۆکەم لەگەڵیدا درێژەی کێشا و زۆربـابەتی فکـریم لەســـەر ئەم دیـــاردەیە بۆشـــیکردەوە، ئەم کـــچە لاوازە گرینۆکـــانە زۆرکێـــشەن هەم بۆخۆیـــان هەم بـــۆ کەســـە نزیکەکانیان چونکە بەرگەی هیچ ڕاستیەکی ژیان ناگرن.

لە وەهمـی فـیلم و درامـا ڕۆمانـسیەکانەوە دەڕوانـنە داهاتووی خۆیان.

کاتێـک کە لەقـسەکانم تەواوبـووم وتـی کـارۆ تـۆ واز لەوانە بێنە، جوابی ئەوەم بەرەوە ئایـا ڕەنگـی نینۆکەکـانم جوانن یان نا؟! لەگەڵ ڕەنگی کراسەکەمدا هاتووە؟!.

بێنە پێش چاوی خۆت ئەم جۆرە عەقڵیەتە ببنە دایکانی داهـاتووی کۆمەڵگـای کـوردی، ئەبێـت چـاوەڕێی چـی لـە نەوەکانی داهاتووبکەین؟!.

بەڵام کۆڵنەدانم وایکرد کەبتوانم ئەو جوانکیلەیەی کە ئێستا باسمکرد لەگرنگیدان بە تەنسیقی ڕەنگی نینۆکەکانی و جلوبەرگەکـانی بێـنمە نێوجیهـانی خوێنـدنەوە، وە لەئێستاشدا ئەم نوسینەم دەبینێت و وردە وردەش بەهۆی تێکەڵبوون و هۆگربوونی زیاتری بە کتێب.

ئێستا گفتوگۆکانمـان بە جـوانی ڕەنگـی نینۆکەکـانی کۆتـایی نـایەت بەڵکـو بەگفتوگـۆی داهاتوومـان لەسـەر چ بابەتێکی سوودبەخش و چ کتێبێک بێت تەواودەبێت.

گەورەتـرین دەسـتکەوتە هێنـانە نـاوەی کچـان بۆنێـو جیهـانی خوێنـدنەوە، چـونکە کچـی ڕۆشـنبیر واتە دایکـی ڕۆشنبیر، دایکی ڕۆشنبیریش واتە ڕۆشنبیربوونی تەواوی کۆمەڵگا.

(پێشکەوتنی کچان پێشکەوتنی کۆمەڵگایە)

## گەنجی کورد و نەبوونی خەون و ئامانج

کچە فێرخوازێکی کۆلێژی زمان پێی وتم کارۆ ئەگەر پارەی جلی مۆدە و مکیاژ و کافتریا و چوونەدەرەوەی برادەرانم پێ نەبێت هەرگیز ئامادەنیم بچمەوە زانکۆ و بڕوانامە بەدەستبهێنم!.

جارێکیش پرسیارم لەفێرخوازێکی قۆناغی سێی (کۆلێژی پزیشکی/پزیشکی گشتی)کرد دەربارەی خەونەکانی دوای دەرچوونی لە زانکۆدا، وتی کارۆ خەونەکەی من ئەوەنە دوورنیە کە وەکو تۆ باسی ئەکەیت بکەوێتە دوای دەرچوونی من لە زانکۆدا!، خەونی من ئەوەیە ساڵی داهاتوو هاوسەرگیری بکەم و خێزانێک پێکەوەبنێم و هەرئەوەندە!.

لێرەدا باسی هاوسەرگیری وەکو مافێکی شەرعی و یاسایی هەر مرۆڤێک ناکەم، باس و ڕەخنەی من لێرەدا ئەوەیە کەخەونی فێرخوازێکی پزیشکی گشتی لەجیاتی ئەوەی زیاتر پەرە بەبوارەکەی خۆیبدات و ئاستی زانستی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشەوە ببات و لەدوای دەرچوونیشی لە زانکۆدا بتوانێت جێ پەنجەی لەپێشخستنی کەرتی تەندروستیدا جێ بهێڵێت، ئەوەیە کە هاوسەرگیریەکی تەقلیدی دووبارە بکات و خەریکی ژیانێکی بێ بەرهەمی

**منداڵ دروستکردنی بێ بەرنامە و سەوزە و دایبی کڕین بێت! و مۆمی ژیانی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خامۆشبوون بڕوات.**

**هاوسەرگیری مافە نەوەک خەون کە کردت بەخەون دەست لەهەموو خەون و ئاواتەکانت بشۆ.**

**لێرەدا ئەم دوونموونەیەم هێنایەوە بەڵام نموونەکانی تری لەم شێوەیە زۆر زۆرن کە زۆربەی کۆمەڵگای کوردی تەنیوە.**

**مەبەستیشم لەم نوسینانەم ئەوەیە کە بڵێم لەسیستەمێکی بێ بەرنامە و بێ پلاندا دەژین کە وامان لێدەکات زۆرینەی تاکەکانمان لەجیاتی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خەونەکانیان وایانلێدەکات فکر و بیرکردنەوە و خەونیان لەشتی بچووک و لاوەکی و کات بەفیڕۆدانلدا بەسەرببەن.**

**ئەمەش وادەکات زۆرینە بەشێوەی مێگەل بژین و ئامانجی سەرەکی ژیانیان هاوسەرگیری تەقلیدی و کارێکی سادە و منداڵ دروستکردنی بێ بەرنامە و سەیرکردنی تەلەفزیۆن و ئاهەنگ و جل کڕین و سەدان نموونەی تری لاوەکی لەم شێوەیە بێت.**

**هەریەکێکیشتان لەلای خۆیەوە بڕوانێتە ژیانکردنی کۆمەڵگا و دەوروپشتی ڕاستیەکانی بۆدەردەکەوێت.**

**ژیانکردنێکی ئاسایی و کارێکی ئاسایی کە تەنها گەدەت پڕبکات،**

**لە مێژوودا بەم جۆرە ژیانکردنە وتراوە ژیانێکی کۆیلانە.**





## لە فێرخوازێکی پزیشکی خاوەن خەونی گەورەوە بۆ سەرکردەیەکی کاریزمی مێژووی

ڕۆژێــک پرۆفیــسۆرێکی زانکــۆی بــۆینس ئــایرێس لە کۆلێژی پزیشکی بانگی زیرەکترین فێرخــوازی کە گیڤارابوو بۆ ئۆفیسەکەی دەکات بۆئەوەی هەلێکی گەورەی کـارکردنی لەدوای دەرچــوونی لەهەمــان زانکــۆدا و خوێنــدنی بــاڵاش لەهەمان کاتـدا پێشکەش بکـات، نـاوەڕۆکی کـارکردنەکەش بریتیبــوو لە وانە وتــنەوەی گیڤــارا دوای دەرچــوونی لە زانکــۆدا و خوێنــدنی باڵاشــی پــێکەوە، وە دوای ٥ ســاڵیش بەخــشینی پــلەی ئەکـادیمی پرۆفیــسۆر بە گیڤـارا کەئەمەش گەورەترین پلەی ئەکـادیمیە کە کەسێک بتوانێت بەدەستی بهێنێــت، چ جــای بــۆ گیڤــارا کەپــێش تەمەنــی ٣٠ ســاڵی دەیتــوانی بگــاتە ئەو پــلەیە، کەئەمەش لەبەر زیرەکــی و توانای بێسنووری گیڤارابوو ئەگەرنا هیچ کەسێکی ئاسـایی ناتوانێت تا تەمەنێکی زۆر بگاتە ئەو پلەیە.

گیڤـــارا بەئامـــاژەی دەســـت داواکەی ڕەتکـــردەوە و ڕایگەیاند کە دەمەوێت سەرکەشی لەژیـان بـکەم، دەمەوێـت جیهان ببینم و دوای خەونەکانم بکەوم.

نامەوێت هەموو تەمەنم لێرەدا بەسەرببەم و دوایـش لـە پیریمـدا خانەنـشینم بـکەن و ڕەوانەی مـاڵەوەم بـکەن بەبـێ ئەوەی هیچ جێپەنجەیەکم لەسەر ئەم جیهانەدا جێهێشتبێت.



## هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای کوردیدا

پێکەوەنانی خێزان مافێکی ئاینی و یاسایی و سروشتی هەموو مرۆڤێکە بەبێ جیاوازی، قسەی من لەسەر پڕۆسەی هاوسەرگیری وەکو مافێک بۆ هەموو تاکێک وەکو مافێکی سروشتی خۆی نیە،

بەڵکو قسەی من لەسەر شێوازی پڕۆسەکەیە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا.

بێگومان کۆمەڵگای کوردی بەدرێژایی مێژوو لەژێر هەژموونی داگیرکاری یەکبەدوای یەکی داگیرکەران بووە.

کەئەمەش وایکردووە داگیرکەران هەمیشە هەولی لاوازکردنی تاکی کوردی بدەن، یەکێکیش لەو ڕێگایانەی کەدەسەڵاتە داگیرکارەکان لەسەر تاکی کورد پەیڕەویان کردووە بریتیبووە لە توانەوەی هزر و مێشکی تاکی کورد.

هەوڵیان داوە تواناکانی تاکی کوردی بکوژن، باشترین ڕێگاش بۆ کوشتنی توانای تاکی کورد پڕۆسەی هاوسەرگیریە، کەبەشێوەیەک وایانکردووە هەموو خەون و خەیاڵ و ئامانجی تاکی ئێمە ببێتە پێکەوەنانی خێزانێکی

تەقلیـدی بـێ بەرهەمـی بـێ ئامـانج، لەسـەر بنەمـایەکی خۆشەویستی کوێرانەی گەنجەکانمانەوە.

خەون و خەیـاڵی مرۆڤەکـان زۆر لەوە گەورەتـرە لەم جۆرە هاوسەرگیریانەدا کورتبکرێتەوە.

سروشـتی مـرۆڤیش بەجـۆرێکە کە خێزانـی پێکەوەنـا کەمتـر بەدوای خەونەکـانی دەکەوێـت، بگـرە هەر لەمێـشکی خۆشیدا دەیانسڕێتەوە و وادەکـات تـاکە ئامـانجی سـەرەکی ژیـــانی بریتیبێـــت لە ئاگـــاداربوون لە منـــداڵ و ژن و ماڵەکەی، کەئەمەش دۆڕانێکە زۆر گەورەترە لە دۆڕانی پارە و سامان و ماڵ و موڵک. چونکە لەدەستدانی ئەو ئامـانج و خەونـــانەی کە لەســـەرەتای تەمەنـــتەوە هەوڵـــت بـــۆداوە گەورەتـرین دۆڕانـێکە کە مـرۆڤ لەژیانیـدا تووشـی ببێـت چونکە بەهیچ شتێک قەرەبوو ناکرێتەوە.

جا سەرنج بدەن هەموو دایـک و باوکـانی ئـێمە دەڵـێن چش لەخۆمان تـازە ئـێمە تەواوبـووین بەس گرنـگ ئەوەیە منــداڵەکانمان وەکــو ئــێمە نەبــن و بەدوای خەونەکانیـــان بکەون، لەکەوتەی کورد هەیە دایـک و بـاوکی کـورد تـا ئەم سـاتە هەر ئەم چـشە دووبـارە دەکەنەوە بەبـێ ئەوەی هـیچ کامێکیـــان کاتێـــک گەنـــج بـــوون بەدوای خەونەکانیـــان کەوتبێتن.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی تـرس، تـرس لە کۆمەڵگا، ترس لە قسەی خەڵکـی، تـرس و بڕوانەبـوون بە تواناکـانی خـود. تـرس لەوەی لە کـۆمەڵ دابـبـڕێین و بەتەنها دوای خەونەکانمان بکەوین.

بۆ ئەوەی کورد پێشکەوێت پێویستە ئەم ترسە نەمێنێت و گەنجەکان خەونیان هەبێت و دوای خەونەکانیان بکەون بۆ ئەوەی منداڵ و نەوەکانیان چاویان لێبکەن و هەمان ڕێچکەی بەدەستهێنانی خەونەکانیان دووبارە بکەنەوە و پەرەی پێبدەن.

هەر میلەتێکیش خەون و هەوڵدانی گەورەی نەبێت دەبێتە نێچیرێکی ئاسان بۆ دوژمنانی.

لێرەدا باس لە بەسەرهاتی ڕۆمانی (کیمیاگەر)ی پاولۆ کۆیلۆ دەکەم

کە باس لە کوڕێک دەکات لە بیابانێکدا دەوەستێت و ناتوانێت بڕیاربدات لەنێوان خەونەکەی یان فاتیمەی خۆشەویستی.

بۆیە کیمیاگەرەکە بەم شێوەیە ئامۆژگاری دەکات و دەڵێت:

ئەگەر لەگەڵ فاتیمەدا هاوسەرگیری بکەیت ئەوە لە ساڵی یەکەمی هاوسەرێتیتان دڵخۆش دەبن و فێردەبیت کە بیابانت خۆشبوێت.

لەساڵی دووهەمدا هەندێک جار بیر لە خەونەکانت دەکەیتەوە و تۆش هەوڵدەدەیت پشتگوێیان بخەیت و خۆت بۆ چاودێریکردنی مێرگەکە و دانیشتووانی تەرخان بکەیت.

لەساڵی سێهەمدا شەو لەدوای شەو بەمێرگەکەدا دەیت و دەچیت فاتیمەش غەمباردەبێت چونکە پێی وادەبێت ئەو بۆتە هۆی وەستانت لەگەڕان بەدوای چارەنووستدا، بەڵام زۆرجارانیش بەلمی بیابانەکەدا هاتووچۆ دەکەیت و

بیرلەوە دەکەیتەوە کە دەتوانی بڕۆیت، بەڵام ناچاردەبیت زیاتر باوەڕ بەخۆشەویستی خۆت بێنی بەرامبەر فاتیمە.

لەساڵی چوارەمدا پێشهاتەکان بەجێت دەهێڵن چونکە گوێت لێیان نەگرتووە بەو شێوەیەش شوێنی خۆت وەکو ڕاوێژکار لە هۆزەکە لەدەست دەدەیت و دەبیتە خاوەنی چەن سەر مەڕێک و کەلوپەلێک، باقی ژیانت بەم جۆرە بەسەر دەبەیت و دەزانی کە بەدووای چارەنووسی خۆت نەکەوتیت و ئەو کاتەش زۆر درەنگ دەبێت.

دەشبێت بزانین کە خۆشەویستی هەرگیز ڕێگەی ڕۆیشتن بەدوای چارەنووسی مرۆڤەکان ناگرێت.

## ناپاکی هاوسەرگیری لەناو کوردا

پێش هەمووشتێک ناپاکی لەهەرشتێکدابێت کردەوەیەکی پیس و قێزەونە، ناپاکی خویەکە کەکەسی ناپاکیکەر ناتوانێت لێی دەربازببێت وە ئەم ناپاکیە ڕۆژ بە ڕۆژ تەشەنە دەکات و ڕەنگدانەوەی زیاتری لەسەر ژیانی کەسە خائینەکە دەبێت، کە ڕەنگدانەوەکەشی زیاتربوو لەسەر ژیان ئەوە بەرە بەرە لەسەر ئاستی تاکەکان نامێنێت و گەشەدەکات بۆنێو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا و تێکدانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵ، کە ئەمەش سیاسەتی بەڕێوەبردنی جیهانە لەئێستادا کە وادەکات هەموو پیرۆزییەکان بێ بەهابێت.

کوردستانی خۆشمان بەحوکمی ئەوەی بەشێکە لەو سیستەمە سەرمایەداریەی کەجیهانی کۆنترۆڵ کردووە بێ بەش نەبووە لەم دیاردە قێزەونە.

لێرەدا دەست دەخەمە سەر زۆرێک لە ئازارەکان وە زۆرێکتان بەم ڕاستیانە توڕەدەبن یان ئازار دەچێژن چونکە ڕاستی باوکی ئازارەکانی مرۆڤایەتییە.

لەم کوردستانەی خۆماندا کەبەناو کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی و پابەندین بە عورف و عادات و تەقالید و شەرعی ئیسلامیەوە، بەڵام ئەمانە جگە لە خۆڵکردنە چاو و شاردنەوەی تاوانەکان هیچی دیکەنین،

چونکە هەر لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا ڕۆژانە چەندین ژن و مێرد هەن کە لەباوەشی یارەکانیان کات بەسەردەبەن، چەندین ژن و مێرد هەن شەوانە بەخەیاڵی دۆستەکانیانەوە سێکس لەگەڵ یەکتری دەکەن، چەندین منداڵ هەن کە بەرهەمی سێکسی یەکێک لەباوان و یارەکانیانن، چەندین پیاو هەن کە ژنەکانیان بۆ بەرپرس و باڵادەستەکان دەبەن تەنها لەبەر دەستکەوتێکی تەسکی تایبەتی خۆیان، چەندین ژنی پلە باڵا و بەرپرس و ڕاگەیاندکار و هاوشێوەکانیان هەن کە لە شاشەی تیڤیەکانەوە دەرئەکەون و خۆیان ئەکەن بەفریشتە بەڵام لەژێرەوە لەگەڵ چەندین بەرپرس و پارەداردا دەستیان تێکەڵکردووە بۆ زامنکردنی پێگە و پلەکانیان (لەزۆرینەی ئەم حاڵەتانەشدا مێردەکانیان ئاگادارن بەڵام وەکو وتراوە کە پارە و پۆست کەرامەتی زۆرینەی مرۆڤەکانی بردووە)،

ڕۆژانە گوێبیستی چەندین ڕووداوی ناپاکی هاوسەرگیری دەبمەوە ئەمەش وادەکات ڕۆژ بە ڕۆژ قێز لە مرۆڤبوونی خۆمبکەمەوە، قێزیش لەو مرۆڤانە بکەمەوە کەهەموو ژیانیان بە ماسک و ئەکتەرییەوە بەسەر دەبەن، دەیانبینم کە چۆن خۆشەویستی درۆینە بۆ یەکتری دەردەبڕن و لە ژێریشەوە چەقۆ لەیەکتری ئەدەن، دەیانبینم کە چۆن دەست لەناو دەستی یەک بەناو مۆڵ و شوێنە گشتیەکاندا دەڕۆن و موجامەلەی یەکتری دەکەن، دەیانبینم کە ژنەکە شەڕ بە مێردەکەی دەفرۆشێت بۆئەوەی بچێتە دەرەوە و خانمیش بتوانێ لەگەڵ یاریدا ژوان ببەستێت.

هاوسەرەكان دەبینم كە لەسەر بنەمای جەستەی و مادە بونیادنراون نەوەک بەها ڕۆحیەكان،

كەمینەیەكی پاكی لێدەرچێت، هەموویان ناپاكی لەگەڵ یەكتریــدا دەكەن، هەموویــان لەبەر بەرژەوەنــدی لەگەڵ یەكــدین بەنەمــانی بەرژەوەنــدیەكەش پەیوەنــدیەكەیان نامێنێت.

لە ئێستادا هاوسەرگیری لەسەر بنەمای (پارە و سێكس و خۆدەرخــستن و تــۆڵەكردنەوە و ڕووكەش) دەكرێــت، كە لێشیان دەپرسیت دەڵێن ئـێمە عاشقی یەكدین و یەكترمـان زۆرخۆشدەوێت!.

لەم كۆمەڵگــایەدا خۆشەویــستی بــوونی نــیە، عەشـق بوونی نیە،

پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری لەسەر بنەمای خۆشەویستی جگە لە كۆمێدیا هیچی دیكەنیە.

بۆیە نیـشانەی پرسیار دەخەمە سـەر بەئەخلاقیبـوونی كۆمەڵگا و دەپرسم ئایا هەر بەڕاست شتێک بەنێوی ئەخلاق بوونی ماوە؟!.

كەسـی ناپـاک هەمیـشە ناپـاک دەمێنێـتەوە، هەرگیـز چاوەڕێی چاكەی لێمەكە.



## شکستی هاوسەرگیری

کـــچ و کـــوڕی کـــورد زۆر بە هەڵە لە پرۆســـەی هاوســەرگیری تێگەیــشتوون وا دەزانــن هاوســەرگیری ئەو خۆشــی و خەیــاڵانەی نێــو درامــا تــورکی و فیلمەکــانە، وابیرئەکەنەوە کە هاوسەرگیری هەر بریتیە لە خۆشمئەوێت و گیانەکەم و دڵەکەم.....هتد.

کــچ و کــوڕی کــوردی لەســەر ئەو بنەمــا پــووچ و جەستەیانە ئەچنە نێو ئەو پڕۆسە شکستخواردووەوە بۆیە هەر زوو پەیوەندی نێوانیان کۆتایی دێت.

هاوسەرگیری ٦ مـانگی یەکەمـی بەو جـۆرە خۆشـەی کە کچ و کوڕ پلانیـان بۆ دانـاوە و وەکـو خـۆی دەڕوات، پـاش ئەو شــەش مــانگە هەردوو لا ئەکەونە ســەرنجدان لە کەموکوڕیەکانی یەکدی و ڕەخنەگرتن لەیەکدی کەئەمەش هەردوولا تووشــی شــۆک و دڵگرانــی ئەکــات و وائەزانــن پەیوەنــدییەکەیان شکــستیهێناوە، بەڵام خــۆی لە ڕاســتیدا هەمـوو هاوســەرگیرییەک بەو قۆنــاغی دوای ئەو ٦ مــانگەدا دەڕوات، بەڵام لێــرەدا نهێنــی ســەرکەووتن و بەردەوامــی

هاوسەرگیری دەرئەکەوێت کەئەویش خۆی لە ڕێزگرتن و هەست بە بەرپرسیاریکردن و قبوڵکردنی کەمووکوڕییەکانی هەردووجووتەکەدا دەبینێتەوە لەبەرامبەریەکدیدا.

واتە نهێنی سەرکەووتن و بەردەوامی هاوسەرگیری (خۆشمئەوێت) نیە کە گەنجانی کورد کردوویانە بە کلیلی سەرکەوتن و بەردەوامی پەیوەندییەکانیان،

بەڵکو زیاترخۆی لە کارە ئیدارییەکانی ڕۆژانە و پێگەیشتووی مێشکی جووتەکەدا دەبینێتەوە.

بەڵام کچ و کوڕی کورد هەر کە ڕووکەش و مادەی یەکدیان بەدڵبوو بێ بیرکردنەوە بڕیاری هاوسەرگیری ئەدەن.

کچ هەبوو ئەڵقەی کوڕێکی لەدەستکردووە تەنها لەبەرئەوەی کوڕەکە ڕیشێکی جوان و پیاوانەی هەبووە!

دواتریش لەیەکدی جوودابوونەوە لەبەرئەوەی کوڕەکە ڕەزیل بوو،

هاوڕێکانیان لێیان پرسی تۆ مادەم خۆشتئەویست بۆچی لێ جیابوویتەوە؟

وتی کوا خۆشمویستووە!؟ خۆشەویستی چی من تەنها لەبەرئەوە پێی ڕازیبووم چونکە کوڕێکی جوان و خەونی کچانی زانکۆ بوو، بۆیە ویستم من براوەی پێشبڕکێی کچانی زانکۆبم لەبەدەستهێنانی ئەو کوڕەدا!.

پێویستە کچان و کوڕان حەز و عەشق لێکدی جوودابکەینەوە،

حەز ماوەیەکی کاتییە و بەسەر ئەچێت، بەڵام عەشق نەمرە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیادئەکات ، جوانترین ژنی دونیات

هەبێــت پــاش دوومانــگ لە جــوانییەکەی تێرئەبیــت و بێزارئەبیــت ئەوەی کە ئەمێنێــتەوە نــاخ و جــوانی ڕۆحــی ژنەکەیە.

کچانێک هەن لە قۆنـاغێکی دیـاریکراوی ژیانتـدا دەیـان ناسیت و خۆشتدەوێن و چەنـد سـاڵێکی تەمەنـی خۆتیـانی لەگەڵدا بەهەدەردەدەیت.

ئەمــانە جــۆرە کچــانێکی جــوانی وەک تــاووس وان، چونکە تاووس باڵنـدەیەکی زۆرجـوانی خـاوەن پەڕوبـاڵێکی زۆرجوانە.

ڕەنــگە تووشــی چەنــدین کچــی لەوشــێوە لاواز و بــێ هەڵوێست و هەڵپەرستانە ببیتەوە لە ژیانتدا بۆیە هەمیشە وشیاربە و مێشک و هۆشت لەدەست نەدەیت.

وەکو ئۆسکار وایڵد دەڵێت ئەوەی بەدوای ژنێکـی جـوان و زیــرەک و میهرەبانــدا دەگەڕێــت ئەوە بەدوای ســێ ژنــدا دەگەڕێت.

جارێکیــشان هەر لەســەر ئەم بــابەتی هاوســەرگیرییە پرسیارم لە ژن و مێردێک کرد دەربـارەی ئەو پێـوەرانەی کە هاوسەرگیریان لەسەر بونیادناوە،

هەردووکیــان ووتیــان بنەمــای هاوســەرگیرییەکەمان بریتیبــوو لە ئاســتی بڕوانــامە، ئاســتی خێزانی،ئاســتی دارایی.....هتد

هەموو ئەو پێـوەرانەی کەبۆیـان باسکردم تەنهـا شـتە ڕووکەشــییەکانی دونیــابوو، هیچیــان پەیوەنــدی بە نــاخی یەکدییەوە نەبوو،

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر یەكێكی دیكە بە هەمـان ئەو پێــوەرانەی كە باســیانكرد لەجیــاتی هەر یەكێكیــان ئاڵوگۆڕبكەیـــت ئەوا پەیوەنـــدییەكەی نێوانیـــان هـــیچ كێشەیەكی تووشنابێت و بە ڕێكوپێكی دەڕوات!.



## شاجوانەکانی زانکۆ

**(عەشـقێکی بەهێـز هەیە لەنێـوان ژنـی جـوان و بـێ بەختیدا)**

**_جوبران خەلیل جوبران_**

**شـــاجوانەکانی زانکـــۆ دروســـتکراوێکی جـــوانکیلەی ئازاربەخشی دڵەکانن،**

**شاجوانەکانی زانکۆ دەردێکی بێ دەرمانی دڵی کوڕانن.**

**خۆشـیان ئەزانـن کە چەنـدە بـوونەوەرێکی دڕنـدەی ئازاربەخـشن، ئازاربەخـشێکی بـێ ویـژدانن، هەرگیـز لە ئـازاردانی کـوڕان تێرنـابن چـونکە بە ئـازار و نـاڵەی دڵـی کوڕان گوڵی غروریان ئاو ئەدەن.**

**هەمیـشە پراکتیـک لەسـەر شـێوازەکانی نـاز و مەکـر و لەنجە و لاریان ئەکەن، چـونکە ئەزانـن ئەمـانە چ چەکێـکی کاریگەرن بۆ گرتێبەردانی ناخی دەوروبەریان.**

**ئەم جوانکیلانە هەمیشە خۆیان وادەرئەخەن کە بێئاگان لەوەی کە خەڵکـــی بە شـــاجوانیان دائەنـــێن، بەڵام**

لەژێریشەوە خرۆشاون و شانازی بە جوانی خۆیانەوە ئەکەن.

ئینجا فیڵبازیشن کە بێ ئەوەی هیچ بکەن تەنها بە نیگا ساردەکانیان ڕێگایەکی خەیاڵی درۆینە بۆ کوڕان دروست دەکەن، کە کوڕان لەگەڵ هەر هەنگاوێکیاندا هیوایان زیاترئەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم ناسکۆڵەیە،

بەڵام لە کۆتایی ڕێگاکەدا دەزانن کە تووشی چ کەمینێکی نابەرامبەر بوونەتەوە لەگەڵ بوونەوەرێکی دڵ ڕەقی خۆپەرستدا، بۆیە ناچاردەبن وەکو ڕێبوارانی پێشووی خۆیان بەدڵشکاوی هەمان ڕێگای گەڕانەوە بگرنەوەبەر.

ئەگەر ئەتەوێت لە ژیاندا خۆشبەختبیت هەرگیز لەم شاجوانە نزیک مەکەوەرەوە، چونکە ئەوان مایەی بەدبەختین بۆ خۆیان و بۆ هاوبەشی ژیانیان.

شاجوانەکان هەرگیز بە عەشقەوە هاوسەرگیری ناکەن،وە تا کۆتایی تەمەنیان بە ئاواتی گەیشتنی عەشقە ئەستەمەکەیانەوە لە باوەشی مێردەکانیاندا ڕۆژدەکەنەوە.

کچان بەگشتی و شاجوانەکان بەتایبەتی بەرگەی ئەو بۆشاییە سۆزدارییانە ناگرن کە لە ژیانیاندا تووشی دەبنەوە، ئەم بۆشاییە سۆزدارییەش هۆکارەکەی نەگەیشتنیانە بە عەشقە ئەستەمەکەی ژیانیان،

بۆیە بە کوڕانێکی گەمژەی دەوڵەمەندەوە پڕیدەکەنەوە و دەیانکەن بە بووکەڵەی دەستی خۆیان و باوکی بایۆلۆژی منداڵەکانیان، بە ماسکەوە ڕۆژەکانی ژیانیان بەڕێدەکەن.

كە تەنهاش دەبن بە ئۆتۆمبێلە مۆدێل بەرزەكانیان دەچن چاودێری عەشقە ئەستەمەكەی كاتی كچێنی خۆیان دەكەنەوە، چاودێری گشت جموجۆڵ و گوڕانكارییەكانی ژیانی دەكەن و غیرەیان لێدەكەن.

ڕۆژانە بەدەم یادگارییەكیانی نێوان خۆیان و عەشقەكە كەیاندا گۆناكانیان تەڕئەبن.

لەگەڵ هاتنەوەی مێردەكانیاندا گۆناكانیان لە ئاودان ئەوەستن و بە ماچە درۆینەكەی نێوانیان گۆناكانیان ژەهراوی و وشك دەبنەوە ، كە دەرمانەكەشی تەنها گریانێكی هەمیشەیی بێ كۆتایە.

ناچاردەبن خۆیان بدەنە دەست ئەو پیاوە برسیانەی كە لە پشتی مێردەكانیانەوە چاویان لە جەستەیان بڕیوە،

ئەم ڕابواردنە كاتیەی نێوان ئەم ئاسك و گورگەش زووكۆتایی دێت و بەمجۆرەش شاجوانە دڵخۆشەكەی زانكۆ كە تەنها بزەیەكی تیماری چەندان دڵی دەكرد، لە ئێستادا كەسێك نیە تیماری دڵە شكاوەكەی بكات.

(لەپشت هەموو هاوسەرگیریەكی بێ خۆشەویستی، خۆشەویستیەكی بێ هاوسەرگیری هەیە)

_که داوای هاوسـەرگیری لـه کچێکـی تـەمەن ٢٠ سـاڵان دەکەن

بەدەنگێکی هێمن ئەڵێت شێوەی چۆنە؟

_که لـه تـەمەنی ٣٠ ساڵیدا داوای هاوسەرگیری لێدەکەن

ئەپرسێت ئەو کێیە؟

_که لـه تـەمەنی ٤٠ ساڵیدا داوای هاوسەرگیری لێدەکەن

_بەدەنگێکی بەرزەوە ئەپرسێت ئەو لـه کوێیە؟

## عەشق و خۆشەویستی

عەشق وەکو پشکۆی خەڵووز وایە کاتی پێویستە بۆئەوەی گەشبێت و هەموو ڕووەکانی دەرکەوێت.

عەشق شتێک نیە لەناخدا یەکسەر دروستبێت و ببیت بە کەسێکی عاشق،

عەشق ئارامگرتن و قوربانیدانی پێویستە.

کچ و کوڕی کورد بەبێ ئەوەی ئارامیان هەبێت کە ئایا پێش هەمووشتێک پشکۆی نێوانان دەگەشێتەوە یاخود نا (چونکە زۆرێک هەبوون و هەن کە هەرگیز کارلێکێکی ڕۆحی لەنێوانیاندا ڕووی نەداوە و شکستیان هێناوە)

یان چاوەڕێبکەن تا کارلێکی پشکۆیان بگاتە لووتکە ئەوکات بڕیاری دروستی داهاتوویان بدەن، ڕاستەوخۆ بڕیاری پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری دەدەن، کە دوای ماوەیەکیش چەند منداڵێک دەخەنەوە و بەیەکجاری بە دەستی خۆیان ئەو پشکۆ لاوازەی نێوانیان لەناودەبەن،

لەبەرئەوەی هیچ کاتێکیان بۆیەکدی نامێنێت تا زیاتر کارلێکی ڕۆحیان پەرە پێبدەن.

بەمەش ژیانیان دەبێتە ژیانێکی تەقلیدی ڕۆتینی بێ ئامانج.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی زۆربەی گەنجانی کورد لەتەمەنێکی بچووکدا گیرۆدەی دڵداریەکی درۆینەی شکستخواردوودەبن.

## کۆیلەکردنی ژن واتە دواکەوتنی کۆمەڵگا

**دواکەوتنی کۆمەڵگا واتە ڕووخانی شوناس و نەتەوە ڕووخــانی نەتەوە واتە لەدەسـتدانی هەمـوو ئەو بەهـا پیاوسالاریانەی کە تۆی پیاو لە کۆمەڵگا پیاوسـالاریەکەتدا شانازی پێوەدەکەیت.**

**لەژیانی هەموو کچێکدا سێ کوڕ هەیە**

**_یەکەمیان کوڕەکە کچەکەی خۆشئەوێت بەڵام کچەکە کوڕەکەی خۆشناوێت**

**_دووهەمیان کچەکە کوڕەکەی خۆشئەوێت بەڵام کوڕەکە کچەکەی خۆشناوێت**

**_لەکۆتایدا کچەکە هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکی غەریبەدا دەکات....**



## کوشتنی مامۆستاکانی زانکۆی سلێمانی و وانەیەك بۆ مێژوو

دکتۆر (غەفور)ێکی بەعسی هەبوو لە زانکۆی سلێمانی مامۆستابوو هەرچەندە لە ئەمریکاش خوێندنی تەواوکردبوو،

بەڵام لەزانکۆدا عەگالی لەسەردەکرد و بە ئاشکرا دەمانچەی هەڵدەگرت و لە پۆلدا سوکایەتی بەکورد دەکرد.

کەسێکی زۆر بێ ئابڕوو و خراپ و شۆڤێنی بوو.

لەکۆتایەکانی ساڵی ١٩٨٠دا پەیوەندی لەگەڵ کچێکی فێرخوازی خۆیدا بەست، کە هەمیشە سوارس مارسیدیسەکەی خۆی دەکرد و پیاسەی ناوشار و سەرچناری پێدەکرد.

هەندێکجاریش لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانیدا پێکەوە نانیان دەخوارد.

ئەم پەیوەندیەی غەفوریش لەگەڵ ئەو کچەدا تەنها بۆ ئەتکردنی شەرەفی کوردبوو چونکە خۆشی نەدەویست وە کچەکەشی والێکردبوو کە بەئاشکرا بانگەشە بۆ بەعس بکات و دژی کورد بوەستێتەوە.

بـــۆیە شـــۆڕش بڕیـــار ئەدات ئەم مامۆســـتایە تەسفیەبکرێت.

بـۆ ئەم مەبەسـتەش کـوڕانی گەل لە نزیـک مەڵبەنـدی رۆشنبیری زانکۆی سلێمانی دایانە بەر دەستڕێژی گولـە و بە سزای گەل و نیشتیمانیان گەیاند.

بەڵام کچە هـاوڕێیەکەی تامـاوەیکیش بە جلـی ڕەشـەوە سـەردانی زانکـۆی دەکـرد و مامۆسـتاکانیش سەرەخۆشـیان لێدەکرد،

وەک ئەوەی باوکی مردبێ وابوو.

دێمە نموونەییەکی هاوشێوەی دکتۆر غەفور،

ئەویـش دکتـۆر خەلـەف بـوو کە ئەویـش یەکێکبـوو لەو بەعسییە خراپانەی کە زۆر ئازاری فێرخواز و فەرمـانبەرانی زانکۆی سلێمانی ئەدا.

لێپرسراوی (جەیشی شەعبی) زانکۆبوو. هەمیشە بەجلی سـەربازییەوە دەوامیـدەکرد، لەبـری قەڵەم کلاشـینکۆفی هەڵگرتبوو هەرگیز چەکەکەی لەخۆی جیانەدەکردەوە.

ماڵیـشیان لە شـەقامی (کانێـسکان) نزیـک مزگەوتـی (قامیشان)بوو.

سەرلەبەیانییەکی زوو پێشمەرگە ئازاکانی نێوشار بۆی دانیـــشتن هەرکە لەمــــاڵ هــــاتبووە دەرەوە لەگەڵ دوو مامۆسـتای بەعـسی تـری هاوڕێیـدا کە پـێکەوە هـاتبوونە دەرەوە. هەرسێکیانیان بە سزای گەل گەیاند.

یەکێکیان ناوی (عەبدولجەبار سەماک)بـوو، ماستەری هەبوو لە کۆلێژی زانست مامۆستابوو لەسەر بێڕەوشتی لە

زانکـۆی موسـڵ دەریـانکردبوو ڕەوانەی زانکـۆی سـلێمانیان کردبوو.

دوای بڵاوبـــــوونەوەی ئەم هەواڵەش بەعـــــسییەکان بەتەواوی ترسـیان لـێ نیـشت و تـۆقین، زۆربەی مامۆسـتا بەعـسییەکان بەرەو بەغـداد و باشـوور هەڵاتـن، ئەوانەشـی مابوونەوە لە ترساندا ڕێزێکی زۆریان لە کوردەکان دەگرت.

مامۆسـتا میـسرییەکان لە مامۆسـتا کوردەکـان زیـاتر دڵیان بەو هەواڵە خۆشبوو!.

لێرەوە دەمەوێت ئاماژە بە خـاڵێک بکەم کە لە ئێـستادا زانکۆکـانی کوردسـتان ئامـانجە سـەرەکیەکەی خـۆی وەکـو پێشخــستنی کۆمەڵگــا و فێربــوونی زانــست و پێگەیانــدنی کادیری داهاتووی نیشتیمان لەدەستداوە.

زانکۆکانی کوردستان کارگەی بەرهەم هێنانی گەنجـانی نەخوێندەوارە. ئەم ڕێـژە نەخوێنـدەوارەی گەنجـانیش سـاڵ بە ساڵیش لە زیادبووندایە.

بەشێک لە مامۆستا و فێرخوازانی زانکۆش لەژێر ناوی خۆشەویستی زۆرشـتی ناشـرین دەرهەق بە شـکۆ و پیـرۆزی زانکۆ دەکەن.

پێم سەیرە مامۆستای زانکـۆ هەبێـت کچـی زانکـۆ وەکـو کاڵایەکی تێرکردنی حەزە سێکـسیەکانی سـەیربکات و خـۆی لێ نزیک بکاتەوە،

مامۆستا پیشەیەکی زۆرپیرۆزە کە هەوێنـی پێگەیانـدنی چەندین کادیری پێشکەووتی کۆمەڵگا و نیشتیمانە.

بەڵام بەشـێک لە مامۆسـتایان بەدەسـتی خۆیـان ئەو پیــرۆزیەی خۆیــان ناشــرین ئەکەن، مامۆســتای زانکــۆی

خــاوەن ژن و مــاڵ و منــداڵ هەیە کە لەژێــر نــاوی وانەی تــایبەتی لەگەڵ کـچە فێرخوازەکەیـدا خەریکـی ڕابـوواردنە دواتـــریش کـــچەکە بەبـــێ ئەوەی لەوانەکەیـــدا خـــۆی ماندووکردبێت نمرەی زۆرئەهێنێت.

زۆربەی جــاریش کچــان لەبە ئەم هۆکــارە خۆیــان لە مامۆسـتاکانی زانکـۆ بەتـایبەت مامۆسـتا گەنجەکـان نزیـک دەکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن مەرامەکانی خۆیان دابین بکەن.

یەکێک بهێلـێ شـەرەفی ئەتـک بکرێـت لەپێنـاو نمـرەی دەرچوونی وانەیەکدا گوناهە پێی بڵەیت فێرخوازی زانکۆ.

## (گفتوگۆی نێوان من و کچانی زانکۆ)

*لە کچێکی زانکۆم پرسی لەسەر چ بنەمایەک هاوسەرگیری ئەکەیت؟

_وتی لەسەر ئەو بنەمایەی کە سەیارەیەکی بەرزی مۆدێل بەرزی هەبێت و زۆر دەوڵەمەندبێت و هەموو داواکارییەکانم بۆ دەستەبەربکات چونکە من ژیانێکی شاهانەم ئەوێت.

*باشە تۆ لەهەمووی گەڕێ بەس باسی ئەو سەیارە بەرزەم بۆبکە بۆچی ئەبێت سەیارەیەکی بەرزی هەبێت؟

_ئاخر کوڕ چەنێک سەیارەکەی بەرزتربێت ئەوەندە شەخسیاتی بەرزترئەبێت!

*تۆ کە لەسەر بنەمایەکی مادی و ڕووکەشی هاوسەرگیری ئەکەیت مامەڵەت چۆن ئەبێت لەگەڵ هاوسەرەکەتدا؟

_وەڵا چیم پێ خۆشبێت ئەوە ئەکەم، یەکەم شت شەڕی پێ ئەفرۆشم بێدەسەڵاتی ئەکەم لە خزم و بنەماڵەکەی دووری ئەخەمەوە، وەکو مێرد سەیری ناکەم بەڵکو وەکو پارە سەیری ئەکەم.

*ئەی خیانەتی لێئەکەی؟

_بەڵێ!

*باشە کچان چۆن لە سێکس ئەڕوانن؟

_هەتا شووئەکات وەکو هەمووشتێک ئەیبینیَ و هەوڵی زۆری بۆ سێکسەکەیە، بەڵام کە زۆریکرد ئەگۆڕیَ هەروەک ئێوەی کوڕان.

*هەموو کچێک وەکو یەک حەزیان لە سێکسە؟، یان جیاوازن؟

_هەموویان وەکویەک حەزی پێئەکەن بەڵام لەهەندێک شتدا جیاوازن،

کچ هەیە زیندووە خۆی پەلامارئەیات و دەستپێشخەری ئەکات،

کچیش هەیە شەرم ئەکات.

جیاوازی نێوان ئەو کچەی کە خۆی زیندووە لەگەڵ ئەو کچەی کە شەرمنە ئەوەنیە کە ئەو زیاتر حەزی لێیە.

جیاوازییەکە تەنها ئەوەیە کچە شەرمنەکە تۆزێک فەقیرترە بەڵام ئەوەیتر نا.

*ئێوەی کچان چۆن ئارەزووە سێکسیەکانتان بەتاڵ ئەکەنەوە؟

_ئێمەش وەکو ئێوەی کوڕان هەفتەی چەندجارێک بەدەستی خۆمان ئارەزووەکانمان بەتاڵ ئەکەینەوە، ئەگەر کچێکیش نکۆڵی لەوەبکات ڕاستناکات.

کچانیش وەکو کوڕان تەماشای سایتە سێکسیەکان دەکەن.

ئێمەش مرۆڤین و غەریزەمان هەیە.

*کچ لەسەر چ بنەمایەک کوڕ دیاریدەکات؟

_(پارە،شێوە،شەخسیات)

*ئەی ئەگەر دوو بنەماکەی سەرەتایی نەبێت؟، یان بەلایەنی کەمەوە یەکێکیانی نەبێت؟

_ئەبێت هەرسێکیانی پێکەوە هەبێت.

*کچ چۆن وادەکات کوڕێک شەیدای بێت؟

_کچ ئەگەر کوڕێکی بەدڵبێت بەتایبەت لە زانکۆدا، زانیاری لەسەر کاتی دەوام و ڕێستەکان و ئەو شوێنانەی کەبەزۆری کاتەکانی خۆی تێدا بەسەردەبات لە زانکۆدا پەیا ئەکات،

بۆئەوەی بتوانێت زوو زوو بەپێش کوڕەکەدا بڕوات و خۆی نیشانبدات و بڵێ ها منیش هەم وەرە شەیدام ببە، وەرە پێش لێم.

وادەکات هەمیشە لەبەر چاوانی کوڕەکەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە نیگا و ناز و مەکرەکانی کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەیکات کوڕەکە بۆخۆی ڕابکێشێت.

پاشان لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەستدەکەن بە زانیاری کۆکردنەوە لەسەر کوڕەکە بەتایبەت لە تۆڕەکۆمەلایەتییەکان، کچان لەم یاریەدا زۆر زیرەکن زۆر بەئاسانی ئەتوانن زانیاری لەسەر کوڕان پەیدابکەن،

تا ئەو ڕادەیەی کە تەنها بە فەیسبووک و ئینستاگرام ئەتوان بزانن کە خزمەکانی کێن، کچە پور و خزمەکانی کێن، حەز و ئارەزووەکانی چین......هتد.

ئەگەر کچێک لایک و کۆمێنتی بۆکردبێت ڕێک بەدوای زانیاریەکانی ئەویشدا دەڕۆن بۆ ئەوەی بزانن چ پەیوەندیەکی لەگەڵ ئەو کوڕەدا هەیە، دواتردێن بەراوردی

جـوانی خۆیـان لـەگەڵ ئەو کـچە دەکەن و ڕای هاوڕێکانیـان وەردەگرن سەبارەت بەوەی کامیان جوانترن.

بێگومان هاوڕێکانیشی پێی دەڵێن کە تۆ جوانتری.

ئینجـا پـاش ماوەیـک ئەگەر کـوڕەکە نـامەی بۆنـارد کـچەکە نازانێـت لەخۆشیدا چیبکـات، بەڵام درەنـگ جـوابی نـامەکەی ئەداتەوە یـان ڕەنـگە جـواب نەداتەوە بـۆ ئەوەی کوڕەکە دووبارە نامەی بۆبنێرێتەوە،

پاشـان بە ساردیەک و نـیمچە توڕەبـوونێکەوە وەڵامـی ئەداتەوە بـۆی ئەوەی زیـاتر لای کـوڕەکە قورسـتربێت و کوڕەکە زیاتر شەیدای بێت، لەم خۆ قورسکردنەشدا کچـانی خـاوەن ئەزمـوون لەو بـوارەدا زیـاتر ئەتـوانن یـاریەکە بە بەرژەوەندی خۆیان تەواوبکەن.

*پارە لای کچان چیە؟

_ پارە لای کچان زۆرشتە، ئەتوانی بەپارە کچ بێدەنگ و دەم کوت بکەیت.

کچ هەیە پاری بەرێ.......یشت ئەیاتێ!

لەبەرئەوەی زۆربەی کچی کورد هەست بەکەمـی ئەکەن وابیردەکاتەوە کە دەتوانێ بە پارە هەموو کەموکوڕییەکـانی پڕبکاتەوە،

بـۆیە هەمیـشە خەریکـی مۆدێـل گـۆڕین و جـل کـڕین و نەشتەرگەری جوانکارین.

.........................

ئەم پرسـیار و وەڵامـانە پـوختەی وەڵامـی زۆرێـک لە كچانی زانكۆیە كە من گفتوگۆم لـەگەڵدا كردوون،

لێرەدا هەمـوو گفتوگۆكانیـانم بەشـێوەی گفتوگـۆیەكی نێوان خۆم و كچێكدا دارِشتۆتـەوە.

بـۆ زانیـاری خـوێنەریش هەمـوو ئەو كچـانەی كە ئەم گفتوگۆیـــانەم لـەگەڵ كـــردوون، كچـــانێكی خـــوێن گەرم و جوانكیلـەكانی زانكۆكانی خۆیان بوون.

ئەو كچــــانەی كە كورێـــک لە نــــزیكەوە ناخیـــــانی نەناسیبێت و بە جوانیەكانیان هەڵخەڵەتابێ،

لە دڵی خۆیدا دەڵێت جوانی واتە ئەم شاجوانە

دڵخۆشی واتە ئەم جوانكیلـەیە ببێت بە بووكی دایكم!.

## وانەیەك بۆ ژیان

لەژیاندا وانەیەک فێربەوانەیەک کەفێربی باوەڕ بەهیچ کەسێک نەکەیت وانەیەک کەفێربی پشت بەهیچ کەسێک نەبەستی تەنها خۆت نەبێ وانەیەک کەفێربی غەمگینی و دڵتەنگیت هیچ کات فریات ناکەوێت ژیان لەسەر خەم و ئازارەکانت ناوەستێ و دڵت باتەوەبۆیەپێویستەلەسەرت بەرەنگاری هەموو خەم و پەژارەیەکت بکەی بەبێ پاساو هێنانەوەبۆ گەورەیی قەبارەی خەمەکانت وانەیەک کەفێربی خزم و دۆست و برادەر جگەلەڕووکەش هیچی دیکەنین بۆت هیچیان لەدڵەوەئاوات بەسەرکەوتنەکانت ناخوازن، وانەیەک کەفێربی زۆربەی هەرەزۆری پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری جگەلەشانۆگەریەک هیچی دیکەنیەوانەیەک کەفێربی زۆربەی هاوسەرەکان شەوان بەخەیاڵی دۆستەکانیانەوەسێکس و خۆشەویستی لەگەڵ یەکتری دەکەن! وانەیەک کەفێربی دادپەروەری لەژیاندا بوونی نیەتەنها دادپەروەریەک کەلەم ژیانەدا بەیەکسانی دابەشبکرێت مردنەوانەیەک کەفێربی دڵخۆشی موڵکی بێ مێشکەکانەچونکەدڵخۆشی لەژیانێکی پڕ لەخیانەت و درۆ و نواندن و دووڕووی و نادادپەروەریدا نیشانەی بێ مێشکی و بێ بیرکردنەوەیەوانەیەک کەفێربی سەرکەوتنەکانت تیرن

بۆ دڵی ناحەزانت بۆیەهەمیشەلەهەوڵی خۆپێگەیاندن و بەرەوپێشچوونی ئاستی خۆتدابە لەژیاندا فێردەبی کەکەسانی ئازا و پاک زوو بەجێمان دێڵن و شەرەف فرۆش و لەشفرۆشەکان بەرهەماکانیان ئەخۆنوانەیەکەفێربی ژیان زۆر لەوەگەورەترەلەچوارچێوەی ژیانێکی تەقلیدی و هاوسەرگیرییەکی شانۆگەریدا بچووکی کەیتەوەبۆیەهەمیشەلەهەوڵی گەڕان و دۆزینەوەی شتی تازەدابەوانەیەک کەفێربی بەو جۆرەی کەئەتەوێ بژیت نەوەکو بەشێوازی خەڵکانی مێگەل ئاسا بژیت وانەیەک کەفێربی تەنیایی یەکەم دەستکەوت و یەکەم ڕێگایی سەرکەوتنتەلەژیاندا چونکەلەتەنیایدا خۆت ئەدۆزیتەوەلەتەنیایدا لەکەسانی دووڕوو و ڕەشبین و مێشک پووچ دوورئەکەویتەوەوانەیەک کەفێربی قسەی خەڵکی بکەیتەپلیکانەی پەیژەی گەیشتنت بەخەونەکانت.

لەژیانیشدا فێربەڕێگایی زۆرینەڕێگایەکی هەڵەیەچونکەزۆرینەهەمیشەمێگەلەن و دوای شتێکی نادیار ئەکەون هەمیشەبەڕێگای خۆتدا بڕۆ چونکەهەمیشەتاک هەوێنی هەموو سەرکەوتن و داهێنان و بەرەوپێشچوونێکی مرۆڤایەتی بووەهەمیشەتاک سەرکردایەتی کۆمەڵی کردووەلەهەموو ڕووەکانی ژیانەوە، نهێنی ئەمەش تەنها و تەنها باوەڕبوونیان بەخۆیان و جیاوازبوونیان لەکۆمەڵ و نەکەوتنەدوای لێشاوی مێگەلی کۆمەڵگایەوە.



**(هێزی تاك)**

**لەژیاندا هەمیشەکەمینەکان و تاکەکان لەسەرحەقن، چونکەزۆرینەهەمیشەدوای شەهوەت و حەز و ئارەزووەکانیان ئەکەون وەهەرکەسێکیش شەهوەت و حەز بەسەریدا زاڵبێت لەخانەی مرۆڤایەتی ئەچێتەدەرەوە، چونکەلەڕووی مادی و مەعنەوی و ئامانجی ژیانەوەدادەڕوخێت**

**بێگومان مرۆڤی بێ ئامانج بوون و نەبوونی هیچ لەژیان ناگۆڕێت جگەلەزیادبوونی ژمارەیەکی زیاتر بۆ زۆرینەی مرۆڤەمێگەلکراوەکان**

**بۆیەئەگەر ئەتەوێت لەژیاندا سەرکەوتووبیت هەمیشەپێچەوانەی ئاڕاستەی زۆرینەبڕۆ چونکەئەم ڕێگایەدەتگەیەنێتەشوێنگەل و ئامانجێکی وا کەتائێستا لەلایەن هیچ کەسێکەوەنەدۆزرابێتەوە**

چەندینجار ئاماژ م پێداوەکەتاک هەوێنی هەموو پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکی ژیانی مرۆڤایەتی بووە، لەمێژووەوەتاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان

وەهەمیشەتاک داهێنەر و شۆڕشگێر و فەیلەسوف و بیرمەند و نوسەر و هونەرمەند و سەرکردەی ڕاستەقینەبووە

هەموو گۆڕانکارییەکی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەجیهاندا لەلایەن تاکەوەپلانی بۆدادەڕژێت و زۆرینەجێبەجیٚ دەکات

هەردەم تاک خاوەن عەقڵ و بیرکردنەوەو داهێنانە،

زۆرینەش مرۆڤانێکی بیٚ مێشک و بیرکردنەوەن کەلەلایەن تاکەوەکۆنترۆڵکراون

بۆیەبزانەزۆری ژمارەی هەوادار و لایەنگر و ئەندامی هەر بوارێک مانای ئەوەنیەکەئەو بوارەلەسەر حەقەو ڕاستەبەڵکو بەپێچەوانەوە

بۆ نموونەپێغەمبەر نوح کەبەباوکی دووهەمی مرۆڤایەتی دادەنرێت ٩٥٠ساڵ ژیا، بەڵام ژمارەیەکی کەم شوێنکەوتووی هەبوو

ئایا ئەتوانین بڵێین ڕێبازەکەی نوح هەڵەبوو لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی کەم شوێنکەوتووی هەبوو؟

## (شیکاریەکی کورت و ئاسان بۆ بەدرۆخستنەوەی بەسەرمایەدارکردنی گشت تاکەکانی کۆمەڵگا)

تەواوی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی هەرگیز نابێت بەسەرمایەدار ئەوەشتێکی ئەستەمە.

بەواتایەکی تر ئەگەر هەموو کۆمەڵگایەک بەشێوەی سەرمایەداری ڕێکبخرێت واتەسەرمایەبۆ کرێکار و سەرمایەدار دابەشبکرێت ئەوا ناتوانرێت کالایەک بەرهەم بهێنرێت کەبەئامانجی قازانج بفرۆشرێت.

بۆیەپێویستەلەسەرت کەبزانی هەمیشەبەشێکی زۆری مرۆڤایەتی کرێکار و کۆیلەی چینێکی کەمن، قەتیش هەڵمەخەڵەتێ بەبانگەشەی هەڵبژاردنی کەسانێک کەبەڵێنی دەوڵەمەندکردن و پارەدارکردنت ئەیات، چونکەلەباشترین حاڵەتیشدا (بێگومان ئەم حاڵەتەئەم ناوچەیەناگرێتەوە) دەتکات بەکرێکارێکی خاوەن ژیانێکی سادەی بێ کەم و کوڕی.

دایمەش لەبیرت بێت کێشەی بێکاری مرۆڤەکان تەواونابێت چونکەهەبوونی یەدەگێکی سوپای بێکار دەبێتەهۆی زیادبوونی قازانجی سەرمایەی چینەکەمەکەی مرۆڤایەتی. چونکەناچێتەمێشکەوەهیچ مێروولەیەک بێکارنەبێت بەلام دروستکراوێکی پێشکەوتووی وەکو مرۆڤ

**بێکاربێـــــت. یـــــان هـــــیچ گیانـــــەوەر و ڕووەکێـــــک نادۆزیتەوەسوودێکی نەبێت بەڵام بەهەزاران و ملیۆنـان کەس دەبینی کەبێکارن! ئەمـەش هـەمووی بـەدەستی ئـەنقـەست ئەکرێت و کراوە.**

**تێبینـی؛ چینـی کرێکـار هـەمـوو ئاسـتەپیـشەیـەکـان ئەگرێتەوە**

## ئەزانن کورد بۆ نابێت بەهیچ؟))

لەناو کوردا هەمیشەکەمینەیەک هەیەکەجیاوازن و دەستیان هەیەلەگۆڕانکاریەباشەکانی کوردا هەر لەبواری خەباتی ڕاستەقینەو شۆڕشی فکری و پێشخستنی کورد لەزۆربواردا.

هەمیشەئەو کەمینەیەقوربانی دەستی زۆرینەی کوردبوون بەپلەی یەک لەباتی قوربانی بەدەستی دوژمنان! کەئەمەش کێشەگەورەکەی کوردەکەهەرگیز یەکگرتوونەبووەهەمیشەبوکەڵەی دەستی دەرەکی بووە.

ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی کەزۆرینەی کورد زۆرینەیەکی بێ هۆش و بێ بیرکردنەوەن، هەمیشەلەهەوڵی ئەوەدان کەمینەکەببنەقوربانی و سووتەمەنی خۆشیەکانی خۆیان بەبێ ئەوەی ئەمان هیچ بکەن.

بەواتایەکی تر خەمی زۆرینەی کورد تەنها پڕکردنی گەدەو تێرکردنی سێکس و ژیانێکی تەقلیدی ڕۆژانەی بێ بەرهەم و بێ سوودە،

ئیتر گوێ ناداتەئەوەی کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیەیاخود نا؟ کورد وڵاتی هەیەیاخود نا؟ کورد لەبواری زانست و شۆڕشی فکر و ڕۆشنبیری لەپێشکەوتندایەیاخود نا؟.

بـــۆ ئـــەوەی كـــورد پێـــشبكەوێـــت پێویـــستەئـــەم باڵانـــسەپێچـــەوانـــەبكرێتـــەوەكـــەزۆرینـــەكـــەجێگـــای كەمینەكەبگرنەوەو هەست بەبەرپرسیارێتی نەتەوەی خۆیان بكەن و هەمیشەلەهەوڵدابن بۆ پێشخستنی خۆیـان لـەگشت بوارەكاندا.

## (بەمێگەل کردنی زۆرینەلەژێر ناوی دیموکراسیدا)

لەسیستەمی دیموکراسیدا کۆمەڵگا دابەشدەکرێت بۆ دوو چین چینی کەمینەگەورەکان، ئەم چینەپێکدێت لەکۆمەڵەکەسانێکی کەم کەخاوەن عەقڵ و بیرکردنەوەن لەبەر ئەوەی ئاقڵمەندی بەهرەیەکی زۆر دەگمەنەو تەنها کەسانێکی کەم هەیانە.

ئەم چینەدارێژەری سیاسەت و کارکردن و ئابووری و ئایدۆلۆژیایی کۆمەڵگان وەهەر ئەمانیش خاوەنی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا و سامانەکەین.

چینی دووهەم چینی دانیشتووانەزۆرینەکەن کەلەلایەن چینی یەکەمەوەبەمێگەل کراون بەجۆرێک وەکو ڕۆبۆت قورمیشیان کردوون کەهەر خەریکی کاری ئاسایی ڕۆژانەو سەیرکردنی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و یاری فوتبۆل و فیلمی ئاکشن و کات بەفیڕۆدان بن، وەوابیربکەنەوەکەژیان تەنها هەر ئەمەندەیەو هیچی دیکەنیە. بەڵام نازانن کەژیان زۆر لەوەگەورەترەکەژیانت تەنها بەکارکردن وەکو ڕۆبۆت بەفیڕۆبدەی تەنها لەبەر بژێوی ماڵ و منداڵ، بەبێ ئەوەی بزانی کەمنداڵەکەشت وەکو خۆت دەبێتەوەڕۆبۆرت بۆ خزمەتکردنەوەی چینەکەمینەکە.

چینــی دووهــەم تــەنهــا بــەیــەک شــێواز بــەشــداری سیستەمەکـەئـەکـات ئـەویـش کـەپێـی دەوترێـت دیموکراسـی تــەماشــاکەر کـەئـەمـیش خـۆی لــەپڕۆسـەی هـەڵبژاردنـدا دەبینیتەوەکەچینەزۆرینەمێگەلەکەهەڵدەستن بەهـەڵبژاردنـی چینەکـەمینـەکـەو پـاش هـەڵبـژاردنیش دەگـەڕێنـەوەبۆسـەر ژیانەبچووکەکەیان.

بۆیەتۆ لەهـەر سیـستەمێکدا بژیـت دەبێـت ئـەوەبزانـی کەجگەلەکۆیلـەیەک و ڕۆبۆتێکی قورمیشکراو هیچی دیکەنیـت زیاتر ڕوونی ئەکەمەوەئەمیان چونکەقسەزۆر هەڵئەگرێت،

لەسیـستەمـی دیکتاتۆریـدا تـۆ قامچیـت لـەسـەرەبـەڵام لەسیستەمی دیموکراسیدا ڕاگـەیانـدن و پرۆپاگـەنـدەجێگـای قامچیەکەئەگرنەوە.

جیاوازیەکەتەنها جۆر و شێوازی کۆیلـەیەکەتەئەگەر نـا بەوێنە¬¬¬¬گشتیەکەی لەهەر سیستەمێکدا بژیت تۆ یەکێکی لەچینەکۆیلەو مێگەلەکە.

## (هاوسەرگیری) و (دیموکراسی زۆرینە)

ئەڵـێن کـوڕێکی نەرم و نیـان و (زمـان شـیرین) عاشـقی کچێکـی بـاڵا بەرزی جـوان ئەبێـت و هاوسـەرگیری ئەکەن و ئەچن بۆ مانگی هەنگوینی کاتێک ئەچنە ژووری نووسـتنەوە و ئەیانەوێت خۆیان بگۆڕن ، کچەکە پـێلاوە بـن بەرزەکـانی دا ئەکەنێت ، قژە دەستکردەکەی لێئەکاتەوە ، عەدەسەکانی چـاوی دەر ئەهێنێـت ، ماکیـاژەکەی ئەسـڕێ ، بـرژانگە دەستکردەکانی لێئەکاتەوە ، ئیـسفنجەکانی دەر ئەهێنێت ، هەمووی ئەخاتە سەر مێزەکەی بەردەمیان ، ،

کوڕەکە کە ئەم دۆخە ئەبینێت لە داخـا بـاوەش ئەکـات بە ئەشـیاکانی سـەر مێزەکەیـا و دەسـت ئەکـات بە مـاچ کردنیان ، کچەکە ئەڵێ ئەیەڕۆ پیـاوەکە ئەوە چـی ئەکەی ؟ لەبـری ئەوەی مـن مـاچ بـکەی کەچـی ئەو ئەشـیانە مـاچ ئەکەی؟

پیـاوەکە ئەڵـێ :- ئـافرەت مـن پیـاوێکی دیموکراسـیم هەمیشە لەگەڵ زۆرینەدام

..................................

ئەو چیـرۆکە لەبـاری گێـڕانەوەدا ڕاسـت بێـت یـاخود دروسـت کـراو هـیچ لەو راسـتیە کەم ناکـاتەوە کە ئەسـڵەن زۆرینەی ژن و پیاوەکانی دنیا هاوسـەرگیری لەگەڵ (ڕۆح)ی

یەکتری نەکردووە ، بەڵکو ئەوان هاوسەرگیری لەگەڵ هەنێک (سلیکۆن و بۆتۆکس و ئیسفنج و بارۆکە ... هتد) ئەکەن، درک بەو کارەش ناکەن هەتا ئەو کاتەی ئەبن بە داوەکەوە ئەنجا دەزانن کە بوونەتە قوربانی ،

هەر ئەمەیە کە ئۆشۆ باسی دەکات و دەڵێ:-

(زۆرینەی هاوسەرگیریەکان دوای مانگی یەکەم و ساڵی یەکەم دەست ئەکەن ، بەگرفت و بە کێشە و بە سارد بوونەوە) چونکە هەستی (خەڵەتاندن) لە دەروونی (هاوسەر)ەکاندا سەر هەڵدەدات لە بری هەستی بەختەوەری

چونکە هەر لەبەرە بەیانی مێژووە مرۆڤ بەگشتی و (پیاو)بە تایبەتی بونەوەرێکی ڕاوچی بووە ، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێچیرەکەی دەیان (دێوجامەی کۆمەڵایەتی) و (فرت و فێڵی زمان) هۆنیوەتەوە ، هەتا ئەو کاتەی نێچیرەکەیبووە بە تەڵەکەوە،

نێچیرەکانیش (ژن) تێگەشتوون هەمیشە شتی ڕەنگا و ڕەنگ سەرنجی راوچی زیاتر را دەکێشێت بۆیە ئەو فرت و فێڵ و خۆرازاندنەوەیە دەگرنە بەر ، بەڵام لە کۆتایی ڕێگاکەدا نە ڕاوچی ڕاوێکی باش دەکات و نە نێچیریش شوێنێکی ئارامی لە لای راوچی دەست دەکەوێت ، بۆیە هەردووکیان هەست ئەکەن فێڵیان لە یەکتری کردووە ، (پیاو) بە بەڵێن و وادەی رەنگا و رەنگ و قسەی باق و بریق و شیعر و شانامە ژنەکەی فریو دەدات ، ،

ژنانیش بە ئێکسسوارات و دەیان جوانکاری و بابەتی سەرنج ڕاکێشەری کاتی پیاوەکەی فریو دەدات

..................................

هەر لەبەر ئەمەیە زۆرجار ژن و پیاوەکان گلەیی ئەوە ئەکەن یاخود پرسیاری ئەوە ئەکەن کە هاوسەرەکانیان وەکو سەردەمی پێش هاوسەرگیری نین ، یاخود وەکو پێشوو نەماون ، زۆر گۆڕاون ، هۆکارەکەی چیە ؟

دەی وەڵامەکەی ڕوونە :-

ئەسڵەن ئێوە لە بنەڕەتدا هەر لەگەڵ یەکتریدا زەواجتان نەکردووە ، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵێک (ووشەی سەرنج ڕاکێش) کە (ئاماژەیە بۆ فرت و فێڵی پیاوان) ، وە (شێوەی سەرنج ڕاکێش) کە (ئاماژەیە بۆ فرت و فێڵی ژنان) ئێوە لە بنەرەتدا لەگەڵ ئەم شتانە هاوسەرگیریتان کردووە ، بۆیە وەک دیموکراسی هەر چوار ساڵ جارێک نا ، بەڵکو چوار مانگ جارێک زۆر بەئاسانی ئەگۆڕێن.

هێمن عەبدولقادر

## (جیهانی ڕاستیەکان)

**کەس نایەوێت ڕاستیەکان بزانێت**
**چونکە ناتوانن مامەڵە لەگەڵ ڕاستیەکاندا بکەن**
**ڕاستیەکان هەمیشە ئازاربەخشن**
**ڕاستیەکان بەرەو تەنیایت دەبەن**
**ڕاستیەکان بێ ماسکن**
**ڕاستیەکان ناوەڕۆک دەوڵەمەند و ڕووکەش هەرزانن**
**ڕاستیەکان چێژ و مانای ژیانن**
**ڕاستیەکان بڵێ و ڕقی هەمووان بەدەستبێنە**
**ڕاستیەکان بڵێ و وەکو ئەوان ئەکتەرمەبە**
**ڕاستیەکان بڵێ و ڕۆحت ئاسوودەبکە**

**ئەگەر پرسیارم لێبکەی سەبارەت بەجیهانێکی پڕاوپڕ لە ڕاستی، وەڵامی من ئەم دێڕانەی خوارەوە دەبێت**

**لەجیهانی ڕاستیەکاندا شتێک بەنێوی هاوسەرگیری نامێنێت چونکە**

**لەجیهانی ڕاستیەکاندا ماسکەکان بوونیان نیە، بەنەبوونی ماسکەکان پێکەوەژیانی هاوسەرەکان دەبێتە کارێکی مەحاڵ و نەکردە.**

**ماسکەکان پێوەری یەکەمی سەرکەوتن و بەردەوامی گشت هاوسەرگیرییەکانن.**

**لەجیهانی ڕاستیەکاندا شتێک بەنێوی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕە نامێنێت چونکە لەجیهانی ڕاستیەکاندا ناخ و ناوەڕۆک گرنگن نەوەک ڕووکەش.**

**ڕووکەش بەمانا گشتیەکەی پێوەری سەرەکی بەستن و بەردەوامی پەیوەندی بەناو خۆشەویستی نێوان کوڕان و کچانە.**

**لەجیهانی ڕاستیەکاندا ڕۆح گرنگە**

**لەجیهانی ڕاستیەکاندا هەموو پەیوەندیەکی نێوان مرۆڤەکان لەسەر ڕۆحەکانیان پەیوەستە.**

**لەجیهانی ڕاستیەکاندا جوانی مرۆڤەکان واتە جوانی ڕۆحەکانیان.**

**لەجیهانی ڕاستیەکاندا دەربڕینی خۆشەویستی درۆینەی ژن و مێردەکان و خۆشەویستەکان گوناهێکە لێخۆشبوونی نیە.**

**لەجیهانی ڕاستیەکاندا دەتوانی عەشق بدۆزیتەوە، عەشقیش پەیوەندیەکی ڕۆحانی پاکە لەگەڵ ڕۆحی یاردا.**

**لەجیهانی ڕاستیەکاندا کە عاشق بوویت ناگەیت بە مەعشوق،**

**چونکە عاشق و مەعشوق تاکۆتایی لەڕۆحی یەکتریدا دەژین.**

کچێک ئەناسم خۆر و مانگ پێشیڕکێیانە بۆ دیدەنی نیگا و ڕووخساری بەیانیانی.
کچێک ئەناسم لەگەڵ ڕۆیشتن و نیگاکانیدا دڵ دوای دڵ، کوڕ دوای کوڕ،
سەرگەردان دوای سەرگەردان ئەخاتە دوای عەشقی خۆیەوە.
کچێک ئەناسم کامە عەقڵمەندی ژیر هەیە لەئاست ناز و مەکر وجووڵەی چاوان و وردە خاڵەکانی دەبێتە هەرزەکارێکی خوێن گەرمی تازە عاشقبوو.
کچێک ئەناسم شەوان بەفرمێسکەکانی گوڵی غەمی سەرینەکەی ئاوئەیا و
بەیانیانیش بەبزەی لێوە ئاڵەکانی گوڵی عەشقێکی ئەستەم لەدڵی کوڕانی زانکۆدا ئاوئەیا.
کچێک ئەناسم کەشەو دادێت دەبێتە مانگ لەئاسمانی کوردستان.
کچێک ئەناسم بێگومانم لەوەی کەبۆمن نابێت بەلاَم تاکۆتایی تەمەنم عاشقی ئەبم.

کارۆ

**لەم بەشـــەدا تێـــڕوانین و شـــیکردنەوەی هەنـــدێک لە بیرمەندان و فەیلەسوفان لە بارەی (عەشق_ژن _ژیان) دەخەمەڕوو.**

## شیکردنەوەکانی عەبدوڵا ئۆجەلان

من کەسێی نیشتیمان پەروەرم ئەوەی من پەیوەندار دەکات سەرەتا پرسی وڵاتە نەک پێکەوەنانی مالێک.

ئەوەی لای من سەرەکیە چەمکێک نیە کە ژیان هەرچۆنێک بێت و بەهەر ڕەنگێک بێت پەسەندی بکەم.

بەڵکو ژیانێکی ئازادە هەموو ناموس و کیانێکیش لەمەدا دەبینمەوە، بێ ئەمانەش نەخێزان بۆمن خێزانە وە نەگەورەترین کۆشکی جیهانیشم هەبێت بەلامەوە کۆشک دەبێت.

بەداخەوە هەموو ئەوەی لە پیاوێکی کوردا دەوەشێتەوە لەپێناو دابینکردنی شیربای بۆ باوکی کچێک یان بۆ پێکەوەنانی ماڵ و ژن پیاوی کورد بەجۆرەها بەرگەوە خۆی دەفرۆشێت. کچەکەش نەزان و داماوە جگە لەلایەنێکی سێکسی قەبە هیچی دیکەی نیە بیداتە ئەم پیاوە.

وە زۆر زۆر لەچەند منداڵێک زیاتر کە دەبنە گێچەڵ گێڕی داهاتوو هیچی دیکەی نیە بیداتێ.

نە بۆئەوەی بدوێت زمانێکی هەیە، نە بۆ گفتوگۆیەک سەبارەت بەژیان فەلسەفەیەکی هەیە، وە نە بۆ چارەسەرکردنی هیچ شتێک هێز و توانای هەیە.

ئـافرەتێكی وەهـا نەک بـۆ مێـردەكەی بەڵكـو بۆخۆشـی دەبێتە مایەی تاسان و خنكان.

ئەوەشـی منـی كـرد بە ئـاپۆ و بەو ئاسـتەی ئێـستای گەیانـدنم ئەنجـامنەدانی سازشكاریەكی هەرزان و سـادەبوو لەگەڵ ژناندا.

ئەگەر بەم جـۆرە كلاسـیكیەی ئێـستا ژن بێـنم ئەوا نـاتوانم كـاری ڕێبەرایەتـی و سـەرۆكایەتی نەتەوەبـكەم، لەوانەیە بلێن بۆچی؟

دەڵـێم ئەگەر ژنێـک لەئاسـتێكی بەرزدا پەرەسـەندنی بەدینەهێنابێت ئەوا ڕۆژانە بەچەكوش لەهزر و دڵم دەدات و بەكاری زۆربچووكەوە خەریكم دەكات.

وە ژیـانێكی بەردەوام لەگەڵ ژنێكـی شـاجوانی جیهانـدا عەشق نیە. چونكە دوای ماوەیەكی كورت لە بەیەكەوەبـوون دووڕووی دەردەكەوێت.

چونكە پەیوەندیەكە خۆی لەسەر بنەمایەكی بێ واتـای جەستەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

پیـاوی كـوردیش كاتێـک كچێـک دەدۆزێـتەوە جـگە لە پەیوەندیەكی سێكسی رەها و چەند منداڵێک (كە دواتـردەبنە سـەچاوەی كێـشە) هـیچ شـتێكی تـری پێنابەخـشێت، هـیچ پیاوێـک ژیـانێكی واپێـشكەش بە ژنـان ناكـات كە ببێـتە سـەرچاوەی ژیـانێكی ئـازاد و یەكـسان، نـاتوانێ و ناشـێ كاری لەم جۆرەش بكات.

ئەم كـچە خـوێن گەرمـانە هەركە دەگەنە تەمەنـی ١٨ سـاڵی دەكەونە نێـو خۆشەویـستیەكی كـوێرانەی ترسـناک، بێگومـان چەمكـی خۆشەویـستی كـوێرانە ئەنجـامەكەی

بەرکەوتنی گورز و داڕوخانە چونکە هەر لەپاش جووتبوون تێدەگات ئەو ژیانە نیە کە دەیویست بێگومان ئەمە بۆ هەردوو ڕەگەزیش ڕاستە.
کچێکی خوێن گەرم کە دەگاتە تەمەنی بیست ساڵی پێگەی بەرهەمهێنانی خۆی لەنێو کۆمەڵگادا لەدەستدەدات و ژیانی کۆتایی پێدێت چونکە لەبەر هاوسەرگیری هیچ گرنگیەک بەئاستی گەشەپێدانی خۆی نادات.

تەنیا مانگێک لەگەڵ پیاوێکی هەڵبژێردراو پیاوێک کە خۆشتان گەرەکە و حەزتان لێیەتی لەگەڵیدا بژین، دەبینن کەسەرچاوەی ئەشکەنجەیە ئەگەر لەماوەیەکی کورتدا ژیانتان لێنەکەن بەزیندان چیم پێ دەڵێن من پەسندی دەکەم.

بەخشین و ناسینی ئازادی ژنان لەسروشتی پیاواندانیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ژن بەشێوەیەکی زۆر ڕەها بە موڵک و ماڵی پیاو دادەنرێت

ژنیش کەوەک موڵکێک خۆی پێشکەشکرد ئیتر کۆتایی پێدێت، بۆیە ناتوانم لەگەڵ ژنێکی کۆیلەدا شۆڕش بکەم، وە نە لەگەڵ ژنە وردە بۆرژوازیە فێڵبازەکانەوە لە میانەی ژن و مێردایەتییەوە شۆڕش دەکرێت.

پێویستە زۆربەباشی سروشتی ژن بناسین.

نزیکبوونەوە لەسەر بنەمای سەرنجڕاکێشی بایۆلۆژی و زایەندنی ژن و لەو چوارچێوەیەشدا پەیوەندی بەستن لەگەڵ ژندا هەر لەسەرەتاوە مانای لەدەستدانی عەشقە.

وەک چۆن بەیەكگەیشتنە بایۆلۆژیەكانی زیندەوەرانی تر بەعەشق دانانێن، ئەوا جووتبوونی زایەندنی بایۆلۆژی مرۆڤیش بەعەشق ناونابەین.

دەشێت ئەوە بە چالاكییە ئاساییەكانی زۆربوونی بوونەوەران ناوببەین.

ئەوەی خوازیاری عەشقی ڕاستەقینەیە پێویستە دەستبەرداری ئەو شێوازە زۆربوونی (مرۆڤ_ئاژەڵیانە) ببێت.

ئەو پەیوەندییە هەرزانانەشی لە قۆناغەكانی قوتابخانە و خوێندندا دەیان بەستن بەپەیوەندیەكی كوێرانەی دەزانم. چونكە هیچ كام لەمانە ناوەڕۆكیان نیە و بەهایان تێدانادۆزیتەوە.

پەیوەندییەكی بەهادار لەئاستێكی لەو جۆرەدا كاری لەسەرناكرێت.

ئەم جۆرە پەیوەندیانە هەموو ئەو كەسانە هەڵدەوەشێنێت كە تێیدا دەژین.

بۆیە دەڵێم بەهۆش خۆت وەرەوە....مرۆڤ و پەیوەندی بەستن لەگەڵ مرۆڤدا هەروا بەبچووک مەزانە. دەبێت بەسەرخۆتاندا زاڵبن، نابێت خۆتان ڕادەستی ئەو جۆرە پەیوەندیە سوكانەبكەن.

ڕەنگە بڵێن( ئیتر خۆمان بۆناگیرێت و پێویستمان بەپەیوەندیەكی وەها هەیە). تاكی كۆمەڵگای كوردی زۆر تەنگەتاوكراون بۆیە بە خۆتێركردنێكی سێكسی ئەم كەم و كورتییە پڕدەكەنەوە.

ئـــافرەت هەر لەدوای تەمەنـــی ١٥ ســـاڵی و پیـــاویش لەدوای ٢٠ ســاڵی دادەڕزێـن و هەمـوو بونیـادی جەسـتەیان دەشێوێت.

ڕەنـگە وەک سێکـسێکی قەبە ژیانیـان درێـژەی هەبێـت بەڵام ئەمەش نیـــشانەی ئاســـتی دواکەوتـــوویە نەک چارەسەربوونی کێشەکە کە هەموان تێیـدا بەچەقبەستووی تێیدا ماونەتەوە.

عەشـــق شـــەڕە، عەشـــق ســـەرکەوتنە لەشـــەڕدا. خۆشەویستی باو خیانەتکردنە لە عەشق.

بـــۆیە بـــوون بە ژن و مێـــرد بەخۆشەیـــستی کـــوێرانە خیانەتکردنە لە عەشق.

کەسی لاوازیـش عەشـقی نابێـت چـونکە هۆشـیاری نـیە بۆیە خۆی بەدەستەوەداوە وە هیچ باکێکی بە خۆشەویـستی نیە، تەنها شت کە لای دەستکەوێت خۆبەدەستەوەدانە.

خۆبەدەستەوەدانی کەسێکی بێ هێز و بێ ئیـرادە و هـزر نەپشکتوو بۆتۆ جگە لە پەیوەندیەکی غەریزەیی ڕێگا بەهیچ پێشکەوتنێکی ترنادات.

ئەمە ئەدەبی بەژنکردنە لای کوردان.

وەک چۆن گوڵەبەڕۆژە هەمیشە وەک عاشقێک ڕووی لە خـــۆرە، پێویـــستە ئـــافرەتیش ئاوەهـــا بەردەوام ڕووی لە ئازادی بێت.

## ئۆجەلان و زانکۆ

ڕێکخستنە نوێییەکانی مەعریفە (ئەکادیمیا و زانکۆکان) پلە بە پلە لە کۆمەڵگا دابڕاون و بەتەواوەتی لەخزمەتی ئامێرەکانی دەسەڵات و سەرمایەدا بەکاردەهێنرێن.

چیتر پەرستگا و بڕیارگەکانی زانست جێگای چارەسەرکردنی کێشەکان نین. بەڵکو بوونەتە ناوەندی ئافراندنی کێشە و نامۆبوون و هەژموونگەرایی بایۆلۆژی.

بواری زانست لەو ڕاستیە دوورکەوتۆتەوە وەک پیرۆزییەکی کۆمەڵگا خزمەت بکات بەڵکو ناوەندەکانی زانست بوونەتە پیشەیەکی بەپارەی شەریکە دەسەڵات.

تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کاتێک دەڵێن زانست، یەکەم پرسیار بە ئەقڵدادێت ئەوەیە کە

(چەندە پارەی تێدایە؟)

(چەند پارەی پێ پەیدا دەکەم؟).

## سەلاحەدین دەمیرتاش و عەشق

لەژیاندا ئەگەر عەشق نەمێنێت ئەوا بەشەکانی دیکەی ژیان هیچ واتایەکی نابێت.

ئەگەر تۆ خودایەکت هەبێت و باوەڕت پێی هەبێت فێڵی لێمەکە، مەبە بەدیلی خەونەکانت و هەوڵبدە بەعەشق خەونەکان جێبەجێ بکە.

ئەگەر ویستت شۆڕش بکەیت لەپاساو مەگەڕێ بەعەشقەوە ڕاپەڕە و ئەگەر نەتوانی بەعەشق بیکەیت شتێکی دیکە مەخەرە جێگای.

لەزیندانی ئەدرناوە...

## سارتەر و عەشق

عەشق کۆیلایەتییەکی تەواوە کەجاری واهەیە دەگاتە ئەو ڕادەیەی عەشیقە بێز لە عەشقەکەی بکاتەوە.
هیچ کەسێکیش بەتەواوەتی پەیوەست نابێت بەعەشقێکی پاکژ و سادەوە کە لە بڕیارێکی ئازادانە و پەیوەندیەکی خۆویستانەوە هەقولأبێت.

## فرۆید و ئازادی سێکس لای ژنان

فرۆید پێی وایە ئەو ئافرەتانەی کە پێش هاوسەرگیری ئازادی سێکسیان نەبووە، ئەوە لەنێوان سێ بژاردەدا یەکێکیان هەڵدەبژێرن و لەمەدا ڕێگەی دیکەیان نیە.
یەکەمیان، دوای ئەوەی ئافرەتەکە شوودەکاتەوە و درک بە مانای سێکس و ئەو چێژە دەکات کەوا پێش هاوسەرگیری لێی بێبەش بووە، هەوڵ دەدات ملکەچی قەدەری خۆی بێت بەبێ ئەوەی لەهەمبەر مێردەکەیدا هەست بەهیچ جۆرە حەز و خۆشیەک بکات.
دووهەمیان، ناپاکی لەمێردەکەی دەکات.

سێهەمیان، خۆی ڕادەستی نەخۆشیی دەروونی دەکات بۆئەوەی وەک بژاردەیەک بێت تا بەهۆیەوە خۆی لەتوندووتیژی دۆخێکی لەمجۆرەی سێکسی دەربازبکات.

## فرۆید و تاك

دەبێت کەمینەیەکی کۆمەڵ کۆنترۆڵی کۆی جڤاکەکە بکەن ئەمەش لەبەئەوەی تاکەکانی کۆمەڵ بەگشتی هێندە زیرەک و ڕۆشنبیرنین و ناتوانن حەز و ڕەمکەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن.

ناشتوانرێت باوەڕیان پێبهێنرێت کە نکۆڵیکردن لەو حەز و ڕەمکانە زۆر پێویستە، ئەم کەمینەیە تاکەکانی نێو کۆمەڵەکە لەیەکدی دەپارێزێت و نایەڵێت زیان بەیەکدی بگەیەنن و ڕەفتارەکانیان بەرزەفت دەکات.

## چەند وتەیەك لەسەر کچان و عەشق

_ژنی جوان وەکو پاشا وایە هەمووان پیایدا هەڵدەدەن بۆ بەژەوەندی خۆیان.

(ئەنیس مەنسوور)

_یەک پیاوم پێ بڵێن بەهەموو توانای عەقڵی خۆیەوە ژنی هێنابێت.

(ئەنیس مەنسوور)

**_کچ باوەڕ بە فەیلەسوفێک دەکات**
**خۆشەویستی لەگەڵ شاعیرێکدا دەکات**
**لە کۆتایدا شوو بە بازرگانێک دەکات.**
**(ئەنیس مەنسوور)**

**_خۆشەویستی بۆنە بەبێ شووشەکەی**
**هاوسەرگیری شووشەکەیە بەبێ بۆنەکە.**
**(ئەنیس مەنسوور)**

**_هەرچەندە کچ لەمشک ئەترسێت بەڵام دوودڵ نابێت لەگەڵ گورگێکدا سواری ئۆتۆمبێل بێت.**
**(ئەنیس مەنسوور)**

**_سێ جۆر مرۆڤ هەن لە ژن تێناگەن**
**مناڵ_گەنج_پیر.**
**(ئەنیس مەنسوور)**

**_هەرگیز باوەڕ بەم دووانە مەکە**
**دەستگیراندار لەکاتی دەستگیرانداری**
**کاندید لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا**
**(جەلال عامر)**

**_پیاوێکی خۆشەویست لای زۆربەی ژنان،**
**ژن باش ئەناسێت.**
**پیاوێکی خۆشەویست لای یەک ژن،**
**خۆشەویستی ئەناسێت.**
**(سیگمۆند فرۆید)**

**_ئامۆژگاری من ئەوەیە هاوسەرگیری بکەیت، ئەگەر ژنێکی باشت بوو بەنسیب ئەوە لە ژیاندا دڵخۆشدەبیت.**

ئەگەریش ژنێکی خراپیشت بوو بەنسیب ئەوە دەبیتە فەیلەسوف!.

(سوقرات)

_هیچ شتێک لەنێوانی من و تۆدا ڕوونەداوە
بەڵام لەنێوان دڵی من و تۆدا زۆرشت ڕوویداوە.

(مەولانا)

_عەشق ناتوانرێت ڕوونبکرێتەوە، چونکە خۆی هەمووشتێک ڕووندەکاتەوە.

(مەولانا)

_عەشق شتێک نیە بتوانیت فێری ببیت یان بیخوێنیت، عەشق وەکو نیعمەت بۆت دێت.

(مەولانا)

_خۆشبەختی و بلیمەتی بەدەگمەن لەکەسێکدا کۆدەبنەوە.

(هەمنگوای)

_ژیان لەسەر خەم و ئازارەکانی تۆ ڕاناوەستێت و دڵت بداتەوە،
یان دەبێت هەستیتەوە و بەردەوام بیت سەرەرای ئازارەکانت،
یان بۆهەمیشە لەجێگای خۆتدا دەمێنیتەوە.

(گیڤارا)

_ئەو ژنەی کە دەروونی بە کتێب و شیعر و گۆرانی و کوپی قاوە باشدەبێت، هیچ کەسێک ناتوانێت بەسەریدا زاڵبێت، تەنانەت ژیانیش لەبەرامبەریدا دەدۆڕێت.

(جوبران خەلیل جوبران)
_کۆمەڵ بۆ هەرکوێیەک چوو تۆ بەپێچەوانەی ئاراستەی کۆمەڵ بڕۆ،
لەبەرئەوەی ئەوان هەمیشیە لەسەر ڕێگای هەڵە دەڕۆن.
(چارلز بوکۆڤسکی)
_ دڵتەنگ مەبە بەخۆشبەختی کەسانێک کە لەبەهەشتی گەمژەیدا دەژین،
چونکە بەس گەمژەکان خۆیان وادەزانن ئەمە خۆشبەختی ڕاستەقینەیە.
(بێرتراند ڕاسێل)
_هاوسەرگیری تاکە سەرکەشی ژیانی ترسنۆکەکانە.
(ڤۆلیتێر)
_ڕێگای سەرکەوتن دەستپێدەکات بە شکاندنی دڵت لەلایەن کەسێکەوە،
هاوڕێیەک کە خیانەتت لێبکات، دەسەڵاتدارێک کە زوڵمت لێبکات،
بێزاربوونت لە لە مرۆڤەکان و پەنابردنە بەر ڕەحمەتی خودای گەورە چونکە بەس خۆی دەتوانێ هەمووشتێکت پێببەخشێت.
_لەژیاندا سەرکەشی بکە
ئەگەر سەرکەوتی دەبیتە کەسێکی دڵخۆش،
ئەگەر شکستتهێنا دەبیتە کەسێکی دانا!.
_ئەگەر شکستتهێنا لە بەدیهێنانی خەونەکانت شێوازی کارکردنت بگۆڕە

**نەوەک مەبـدەئەکانت، لەبەرئەوەی درەخـت گەڵاکـانی دەگۆڕێت نەوەک ڕەگەکەی!.**

**_ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵدا بڕوات دەگاتە ئەو جێگایەی کە ئەوان بۆی دەڕۆن،**

**بەڵام ئەوەی بەتەنها دەڕوات دەگاتە شوێنانێک کەهیچ کەسێک پێشتر بۆیان نەچووە!.**

**_ئەوەی لە گفتوگـۆی نێـوان عاشـقەکان دەدۆڕێـت ئەو کەســـەیە کە زیـــاتر عاشـــقترە نەوەک ئەو کەســـەی کە بەهانەکانی کەمن!**

**(جوبران خەلیل جوبران)**

**_بڕوا بەم سێ کەسە مەکە**

**سەرخۆشـێک کاتێـک نوێژدەکـات، بازرگانێـک کاتێـک سوێند دەخوا،ژن کاتێک دەگری.**

**(ئەنیس مەنسوور)**

**_ئەگەر هەمووان لێت ڕازیبوون ئەوە لەسەر ڕێگـایەکی هەڵەی.**

**_تەنها بە لەڕێگایەکی ڕاستدا**

**سەرکردە مەبە لەڕێگایەکی هەڵەدا.**

**_هەرگیز ڕوونکردنەوە و پاساو بۆ خەڵکی مەهێـنەرەوە چـــونکە نەئەوان فریـــشتەن وە نە دەرگـــای بەهەشـــتیش کلیلەکەی بەدەست خەڵکیە.**

**_ژیری تاکەکان تەنیا دەکات**

**گەمژەیی مێگەل دروستدەکات.**

**_عەشقی کچان هەمیشە ئاوەها پڕە لەداواکاری ئەستەم و نەکردە،لەیەک کاتدا نزیکـی و پێچەوانەکەشیان دەوێت،**

**دووری و پێچەوانەکەشی، خۆشی و پـێچەوانەکەی، ئـازار و پێچەوانەکەی.**

**(بەختیار عەلی)**

## سەرچاوەكان

١- مانیفستۆی شارستانیەتی دیموكرات (٥ بەرگ).
نووسینی: عەبدوڵا ئۆجەلان
وەرگێڕانی: لوقمان عەبدوڵا
٢- شۆڕشی كۆمەڵایەتی و ژیانی نوێ
نووسینی: عەبدوڵا ئۆجەلان
وەرگێڕانی: ئەستێرە عەبدولجەبار
٣- گەڵاوەریوەكانی درەختی تەمەنم
بەرگی دووهەم، یاد و بیرەوەریی (١٩٧١-١٩٨١)
نووسینی: حوسێن موحەمەد عەزیز
٤- سیگمۆند فرۆید لێكدانەوەی سێكسیانە بۆ مێژوو
نووسینی: مەجدی كامل
وەرگێڕانی: سەلاح سەعدی
٥- فەیلەسوفان و عەشق
نووسینی: ماری لیمۆنییە_ئۆد لانسۆلین
وەرگێڕانی: هێشوو عەبدوڵا